ئاماده کردنی:

تایپی کوردeکا

بۆکان، پاساژی عەباسی ☎ ٦٢٤٣٤٢٥
محەمەد ئەمین شاسەنەم: ٦٢٢١٣٤٠
عەلی جەوشەنی: ٦٢٤٢٩٢١

PDF4Kurd

# ڕەنگی نوختە

سەیدقادر هیدایەتی

**پێویستە بگوترێ هەرکام لە فەسڵەکانی ئەم نۆڤێلێتە، توانیویانە کورتە چیرۆکێکی سەربەخۆ بن.**

**. . . من بم لە جیاتی ئەوانەی چاوەڕێن چیرۆکەکە دەست پێ بکات، هەر لە یەکەم وشەوە، وشیار و قوت و وریا هۆشم پێوەی دەبێت. چونکە چیرۆکێ هەمیشە دەیهەوێ بە سەر یەکدا بکەوێ و بارستی خۆی زۆر بکات.**

**وەکێ ئەو جۆرە بەفرەی هەمیشە لە نیوەشەوێکی زستاندا خەوی خەڵکی وا قورس دەکات کەس ناچێ بۆ ئاودەست و کەس هەڵناستێ بۆ ئاو خواردنەوە و هەموو خرپ بۆی دەخەون.**

بەیانی کاتێک پەردە لادەدرێ هەموو سەریان سوور دەمێنێ و سوێند دەخۆن تا سەعات دوازدەی نیوە شەو ئاگایان لێ بووە هیچ نەباریوە.

ناچار لە ماوەی رۆژدا دەنکە دەنکە بەفرەکان دەور دەکەنەوە. . .

« ئەو زەمان کە بەفر زۆر دەباری مەنزورم ئەو دەمە، جگە لە سەر لقی چنار هیچ دارێک نەیدەتوانی سەر هەڵێنێ. . .

ئەو دەم کە بەفر ئەوەندەی روو نەدەدا بە منداڵ کۆتەڵی لێ ساز بکەن. . .

ئەو دەم هەر کەس خلیسکێنی نەزانیبایە بەرێ نەدەچوو. . .

ئەو دەم هەموو خەڵکی مەجبوور بوون بە هەر جۆرێک بێت خۆیان لە گەڵ زستان رابێنن. . .

هەموو کەس تەنانەت کەیخودا و ریش سپییەکانیش گیرفانێکی تایبەتیان هەبوو . . . »

من لێرەوە بەرەو ئەو گیرفانە لا دەدەم.

بۆ ئەوەی رێم لێ تێک نەچێ و راست بگەڕێمەوە ئێرە، نیشانەیەک لە جێی خۆم دادەنێم.

ئەو گیرفانە هەرچەندە تاریک و بێ سەروبەر و پێچەڵاوپووچ بێت و منیش هەر چەندە زۆرم پێ بچێ و تەقەڵ و پێچ و پەناکانی گیرم پێ بدەن، تەنیا دوو نوختە لە سەر یەک دادەنێم و دەچمە نێویەوە:

**بستێک پانایيەتی و بست و نیوێکیش درێژایی، ئەوەندەی حەول دەدەم ناتوانم بڕۆمە ژووریٚ.**

هەرچەندی خۆم باریک دەکەمەوە و خۆم وێک دێنم بە هیچ بارێک و بە هیچ جۆرێک ناتوانم بچمە نێوی، ناچار هەڵدەستمەوە.

**چاوم بەو دوو نوختەیە دەکەوێ کە بە هیوای ئەوە دامنابوون هەموو پێچ و پەناکانی ئەو گیرفانە بگەڕێم و دوای گەڕانێکی زۆر و لانی کەم دوای ماوەیەکی دیکە بێمەوە سەریان.**

ئەو دوو نوختەیەی بە هیوای ئەوە دامنابوون وەختێ هاتمەوە دەرێ بێمەوە سەریان و بگێڕمەوە چۆن و بە چ چەرمەسەری و تەقەللایەک چوومەتە ژووریٚ؟ دوای هێندێک رۆیشتن چی بووە و چۆن بووە و هۆم زانیوە چییە؟ چۆن چەقۆم لە گیرفان دەرهێناوە و بەرەنگاری بووم؟ ئەگەر باوەشم پێدا کردووە سەرنجم داوە چی بووە، دوایی چۆن هەستاوم و درێژەم بە گەڕانەکەم داوە؟ دوای رۆیشتنێکی زۆر لە پڕ شوێنەکە چۆن وا باریک بۆتەوە و چۆن مەجبوور بووم بە زگە خشکێ بۆی بڕۆم؟ چۆن لە پڕدا هەراو بۆتەوە و هەستاوم و دەستم بە میچەکەوە گرتووە؟

ئەو دوو نوختەیەی بە تەمای ئەوە دامنابوون دوای هاتنەوە دەریێم، مەجبوور بم بگێڕمەوە.

ئەو دوو نوختەیەی بە هیوا بووم دوای هاتنە دەرێ لـە بـەر دەمـی خۆمیـان دانێـم و یەکێ سەعاتی تەواو باسی بەسەر هاتی گەڕانەکەم بگێڕمەوە.
ئێستا هەر لە جێگای خۆمم و نـەمتوانیوە هەنگاوێـک بـەرەو پێـش بـڕۆم و هیـچ بەسـەرهات و رووداوێـکم بـۆ گێـڕانەوە پـێ نییـە و دوو نوختـەی لـە سـەریەکێ داندراویش لە بەر دەممدا دەبینم:
لە داخان نوختەکەی سەرەوە هەڵدەگرم و هەتا دەست دەگرێ فڕێـی دەدەم.
« بـا» دەیبـا دەیبـــا . . . چەنـد شـەقام و کووچـە و مـاڵ تێـدەپەڕێـنێ هـەتا لەکووچەیـەکێ بایەکـە هێـواش دەبێـتەوە و بـە شووشـەی پەنجێـرەیەکدا دەدرێ.
شووشەکە چرکەیەکی لێ دێ.
منداڵێـکێ لـە ژوورەکـەدا خـەریکی نووسـینی بابەتێـکی ئینشـای مەدرەسـەیە، بـەو چرکەیە هەڵدەبەزێتەوە.
قەڵەمەکەی لە سەر دەفتەرەکەی دادەنێ و دەچێتە بەر پەنجێرەکە:
جگە لە لایلۆنێـکێ ـ « با » لە حەوشەکەدا دەیهێنێ و دەیبا ـ هیچ شتێکی وا نابینێ.
دەگەڕێتەوە سەر ئینشاکەی. قەڵەمەکەی دەست دەداتێ و دەسـت دەکاتـەوە بـە نووسین.
بەڵام ئەوەندەی حەول دەدا ناتوانێ یەکێ وشەی دیکەی پێ زیاد بکات. نوختەیەکێ دادەنێ و هەر لەوێدا کۆتایی بە ئینشاکەی دێنێ.
دوای فڕێـدانی یەکێـکێ لـەو نوختانـەی لـە سـەر یـەکم دانـابوون، زوو پەشـیمان دەبمەوە: بۆچی ئەو نوختەیەم فڕێ دا؟
چونکە هەتا دوو نوختەی لە سەر یەکێ هەبێ، شتێکیش هەیە بۆ گوتن، مەودا هەیە بۆ قسە و باس و دەرەتان هەیە بۆ رۆیشتن. بـەڵام ئـەلعان ئـەو نوختەیـەی ماوەتـەوە ناچارم دەکات بچمەوە سەرەتای خەت.

# دەسەڵاتی نوختە

ئەو دەم ئەو گیرفانە تایبەتی هەڵگرتنی دوو داری چکۆڵە و لایلۆنێکێ بوو. هەڵبەت پەسن و سفەتی چکۆلە بۆ ئەو دوو دارە زۆر باش نییە. بە گوتەیەکی دیکە مەبەست لە دوو داری چکۆلە دوو چیلکە نییە، بەڵکوو دوو داری رەختە و قایمە کە تەنیا لە باری درێژاییەوە قوڵە و چکۆلە بن، نەکێ زۆر قوڵەش بن بەڵکو درێژاییەکەیان بستێکێ بێت.

هاوینان لە گەڵ داخستنی رزق و ئەزراقی زستانێ داری باش وەکێ دارگوێز و بەلاڵوکیان دەتاشی و لە ئاو و رۆنیان دەگرتن و دوای ماوەیەکێ بە درێژایی بستێکێ و ئەستوورایی نزیکی دە سانتی میتر دەیان برین.

بۆ ئەوەی هەر کەس داری تایبەتی خۆی هەبێ هەرکەس بە بستی خۆی دەیپیێوا. دایان دەنان بۆ زستان. زستان بۆ ئەوەی هەمیشە حازر و لە بەر دەستدا بن دەیان خستنە نێو ئەو گیرفانە تایبەتەوە.

هەر شوێنێکێ بەسەتەڵەکێ و ئەستەم بایە ـ کە زۆربەی شوێنەکان وەها بوون ـ دوو دارەکەیان لە گیرفانیان دەردێنا، هێواش لە سەر لایلۆنەکە دادەنیشتن، تۆزێکێ خۆیان بەرەو پشت دەخست و لاقیان بەرەو حەوا رادەگرت، دارەکانیان لە سەهۆڵ و بەفرەکان گیر دەکرد و خۆیان بەرەو پێش رادەدا، لە هەر جێگایەکێ پێیان خۆش بوایە لاقیان دادەدا و بە یارمەتی دارەکانی دەستیان خۆیان دەگیرساندەوە.

لەو لاق بەرەو حەوا راگرتنەدا، خەڵکێ زۆر شتیان لە گیرفان دادەکەوت. هەر شتێکیش داکەوتبایە، تازە دیتنەوەی زۆر چەتوون بوو.

بە بروای زۆربەی خەڵکی ئەو دەم ئەوە خراپترین لایەنی ئەو کارە بوو چونکە زۆربەی ئەوانی مەجبوور کردبوو دوای ون کردنی چەند شت و نەدیتنەوەیان، گیرفانەکانیان ببەستن ئەوەیان زۆر لە لا دزێو بوو.

گەڕان بە شوێن شتێکی ون بوودا کارێکی خۆڕایی بوو. یان شوێنەکە نەدەبیندراوە یان لە ڕێوە باڕند دایدەپۆشی یان بە لاقی یەکی دیکەوە دەڕۆیشت و هێندەی دیکەش ون دەبوو.

بەهاریش یان ئاو لە گەڵ خۆی دەیبرد یان لە نێو خاک و خۆڵ و قوڕ و لیتەدا ون دەبوو، دەڕزا، یان خەڵکی دیکە هەڵیان دەگرتەوە.

ئەو دەم دانەوە، یان نەدانەوەی شتە دۆزراوەکان پێوەندی بەوەوە هەبوو ئەو شتەی دەدیتراوە، چ هەستێک لەو کەسەی دەیبینێتەوە بەدی دێنێ.

بێ ئەوەی کەسێک بزانێ دەسەڵات یان شت بەری بە کوێوەیە شتەکان دەسەڵاتیان هەبوو. جا ئەو کەسەی شتی لێ ون دەبوو خۆیوشانسیخۆی شتەکەی بتوانێ ئەو هەستە لە دەروونی ئەو کەسەی دەیبینێتەوە بەدی بێنێ کە « خودا ئەو شتەی لە سەر ڕێی ئەو دانناوە».

پیاوێک کە ئەلعان لە شوێنێکی بەستەڵەک و ئەستەم راوەستاوەو دوو دار و لایلۆنێکی لە گیرفانە تایبەتەکەیدایە و دەیهەوێ بڕوا ـ دوگمەیەکی [ قیمەتی ] هەبوو. ئەو دوگمەیەی ئەوەندە خۆش دەویست تەنانەت متمانەی بە ماڵ و منداڵەکەی خۆشی نەدەکرد لە ماڵێ داینێ.

ئەو دوگمەیە یەکێک لەو شتە قیمەتیانە بوو کە لە هێرشی ئێران بۆ سەر هێندوستان وە چنگ ئێرانییەکان کەوت.

: هەڵبەت هەر من ئەوە دەزانم و تەنانەت ئەو پیاوە بۆ خۆشی ئەوەی نەدەزانی: وەختێک لەشکری ئێران هێرشیان بردە سەر خەزێنەی ئەڵماس و زێڕ و جەواهێراتی ئەوێ و بە تاڵانیان برد و بوو بە ڕفێن ڕفێن، یەکێک لەو سەربازانەی لە ئاخنینی گیرفانی و هەڵگرتنی شتە گەورەکان زۆر ئازا نەبوو دەستی بۆ هەر شتێک دەبرد کوتوپڕ دەستی دەدرایە، دەیان ڕفاند و ئەو فریای هەڵگرتنەوە نەدەکەوت.

لە لایەکیشەوە لە ترسان نەیدەوێرا حەول نەدا و هەر وا بە دەستی خاڵی بگەڕێتەوە. چەند شتی [ هیچەکە و پووچەکەی ] هەڵگرتەوە. هەڵبەت ئەوانەشی بۆیە بەرکەوت ئەوەندەی شتی سەیرتر لێ بوو کەس تماشای ئەوانەی نەدەکرد.

یەکێک لەو شتانە ئەو دوگمەیە بوو. لەو وەختەدا نەیدەزانی ئەو دوگمەیە لە لای گەورەکانی هێند و هەموو پادشاکانی پێشوو زۆر بایەخی هەبووە دواتریش هەر نەیزانی.
وەختێک لەشکر بە دەستکەوتەکانی هێرشەوە گەڕانەوە ئێران، زوربەی ئەو سەربازانەی توانیبوویان شتی زۆر بە قیمەت بێننەوە خەڵات کران. لە نێو ئەواندا سەربازێک بانگ کرا و لێیان پرسی: «چت هێناوەتەوە؟»
ئەویش بە ترس و شەرمەوە سێ چوار مورووو و دوگمەیەکی دەرهێنا و هەموو قاقا پێکەنین. . .

دوگمەکەیان بۆ لە قۆڵی کراسە نیزامییەکەی دا و دیسان هەموو پێکەنینەوە. . .

وەختێک ئەو سەربازە بووە شای ئێران شەوێک هەتا دەست دەیگرت ئەو کراسەی حەوا دا. کراسەکە کەوتە نێو جۆگەلە ئاوێک. جۆگەلە ئاو بردی بردی تاکوو گەیاندییە چۆمی. تا ئاخرین وشکایی کراسەکە، هەتا تەڕ بوونی دواهەمین رایەڵ و قوژبنی، هەر بە سەر ئاوەکەوە بوو. جار جار چەند ماسییەک لێی نزیک دەبوونەوە. بەرە بەرە لە گەڵ تەڕ بوونی ملیوانی کراسەکە هێواش هێواش نیشت و رۆیشتە خوارێ. لەوێوە ئیدی لە چاوی من ون بوو.

خودا نەبێ کەس نازانێ ئەو دوگمەیە چۆن بە قۆڵی ئەو کراسەوە لە نێو ئەو چۆمەوە گەیشتۆتە دەستی ئەو پیاوەی دوو دار و لایلۆنەکەی لە گیرفاندایە و مەحتەلی ئەوەیە ئێمە پێی بڵێین « بڕۆ ». تاکوو ئەویش لایلۆنەکەی بخاتە ژێر خۆی و هێواش دانیشێ، بە دوو دارەکە خۆی رادا و کەمێک لاقی بەرەو حەوا

**راگرێ و راست ئەو رووداوەی من دەمهەوێ، روو بدا. بەڵام جارێ بۆ ئەو رووداوە زۆر زووە.**

**لە بەر ئەوەی خودا نەبێ کەس نازانێ ئـەو دوگمەیـە چـۆن گەیشـتۆتە دەسـتی ئـەو پیاوەی دوو دار و لایلۆنەکـەی پێـیە، بـاوەڕ کـردن یـا نـەکردن بـەو بەشـەی پێـی دەگەین بە دەست خۆتانە.**

**مقەستێـک لە سەرەتا و مقەستێکیش لە کۆتایی ئەو بەشە دادەنێـم تـاکوو ئەوانـەی پێیان خۆشە نەی خوێننەوە، بتوانن بیقرتێنن.**

# بەشێک لە بەینی دوو مقەستدا

**ماسیگرێک :**

زۆر خۆشحاڵم لە نێو هەموو ماسیگرەکاندا ئەو دەرفەتە بە من دراوە لە گەڵ خوێنەران بدوێم. پێم وایە بەختەوەرییەکی زۆر گەورەیە و ڕێوی بە پیرمەوە هاتووە.
من پیاوێکی دەستەی چوار شانەی سوورکارم. تەمەنم سی و دوو ساڵ و شەش مانگ و حەڤدە ڕۆژە. ڕاست لەو مانگەدا لە دایک بووم کە ژمارە سەد و پەنجا و دووی گۆڤاری خاووخێزان لە لاپەڕەی هەفتاوچواریدا نووسیبووی «ئەوانەی لەو مانگەدا لە دایک دەبن گۆشەگیر و لە ناوخۆ دان، کەمتر سفرەی دڵیان

هەڵدەرێژن، پێیان خۆشە گرفتەکانی خۆیان بە دەستی خۆیان بکەنەوە، زۆر هەوڵ دەدەن و سەبارەت بە داهاتوو گەش بینن.»

نێوی خۆم شتێکی دیکەیە بەڵام چونکە لە منداڵییەوە زگماک شەش قامکم هەیە شتێکی دیکەم پێ دەڵێن.

لەو دنیایەدا ئۆگریم بە جگەرەکێشان و راوە ماسییەوە هەیە.

راوە ماسی بێجگە لەوەی پووڵێکیشی تێدایە، سەرقاڵییەکی زۆر باشە بۆ من. تولەیەکی قاوەیی هەمیشە بە دوامەوەیە و زۆرم خۆش دەوێ.

ئەوی راست بێ لەوە پێش زۆرم رق لێی بوو. وەختێک بە تووتکی بە دیاری بۆیان هێنام بۆ ئەوەی لە شەڕدا گوێچکەی نەپچڕێنن، سەوەتەیەکی شووڵم بە سەریدا کرد و هەردووک گوێچکەیم بڕی.

وەختێک لە بەر ژان و ئێشی خۆی بە قرووسکە قروسک لەتی گوێچکە براوەکانی خۆی خوارد لە خۆڕا بێزم لێی هەستا و لە بەر چاوم کەوت.

تاکوو ئەو رۆژانەی پێشوو معەللیمەکەی ئارامی کوڕم، شێعرێکی بۆ داناوە و کاتێک ئارام شێعرەکەی بۆ خوێندمەوە و دواتریش بیستم ئەو شێعرە لە گۆڤارێکدا چاپ کراوە، تولە قەندیم لە لا شیرین بۆوە. لەو کاتەوە دەیەڵم لە گەڵم بێ بۆ چۆمی. لەوە پێش ئەوەندەم رق لێی بوو خودا خودام بوو شتێکی لێ بێ و لە کۆڵم بێتەوە. کاتێک دەچووم بۆ چۆمی و تۆڕم لە ئاو دەخست لەو لاڕا پەیدا دەبوو. بە دیتنی رقم هەڵدەستا و پێم وابوو تا ئەوم لە کن بێ، تۆڕەکەم ماسی پێوە نابێ.

برێک دوور لە من هەڵدەتوتا و منیش پەتی تۆڕەکەم بە شتێکەوە دەبەست و رەپێی دەکەوتم و هەڵم دەبڕی.

دوای ماوەیەک دیسان دەهاتەوە و لە دوور تماشای دەکردم. دەمزانی چاوەڕێیە لەو وردە ماسییانەی بە تۆڕەکەوە دەبوون و حەوام دەدانەوە نێو ئاوەکە بۆی فڕێ دەم من قەت ئەو کارەم نەدەکرد.

لەو رۆژەوە خودا ئەو شیعرەی مامۆستاکەی ئارامی بۆ کردۆتە سەبەب و خۆشم دەوێ، بێ ئەو تاقەتی راوم نییە و هەرچی وردەماسییەکی وەگیرم دەکەوێ بۆی حەوا دەدەم و ئەویش هەر لە حەوا دەیقۆزێتەوە.

جارێکیان تۆڕم تێ هاویشت و پەتم بۆ شل کردبوو هێواش هێواش لە گەڵی دەڕۆیشتم. لە پڕ توڵەقەندی دەستی کرد بە وەڕین. قەتم نەدیبوو ئاوا بە توندی دەستی لە عەرزەکە گیر کات و لاقی لە دەستی نزیک کاتەوە و سوور سوور هەڵگەڕێ و بوەڕێ.

تماشای ئەوبەری چۆمیم کرد. هیچی لێ نەبوو. راست تماشای ئاوەکەی دەکرد و دەوەڕی.

پەتی تۆڕەکەم تۆزێک توندتر کرد، دیار بوو پێوەی بووە، هێندێک کێشام زۆر قورس بوو، بەسپایی و لە سەر هەست تەکان تەکان دەمکێشا. لە سەر هەست بووم. دەترسام شتێکی بەزەڕی پێوە بووبێ توڵەقەندی هەر دەوەڕی. دوو سێ جار لە ترسان ویستم لە خێر و بێری بگەڕێم و بەرەڵای کەم. بەڵام وەختێک نزیکم کردەوە، دیتم ماسی بە سەر یەکدا کەوتوون و لەو جارانەیە بەڵێنم دابوو، بە دەستی خاڵی نەچمەوە بۆ ماڵێ.

گوێم بە وەڕینی توڵەقەندی نەبزووت. یان باشترە بڵێم وەڕینە سەیرەکەی توڵەقەندیم ئاوا لێک داوە: «ئەوە لەو شانسە دەگمەنانەیە ئەو جار رووی لە دەرکی من کردووە» توڵەقەندی هەر دەوەڕی.

وەختێک تۆڕەکەم لە خۆشیان هەڵڕشت، شتێکی بۆر وەدیار کەوت و هەڵبەزیمەوە. توڵەقەندی لێی هاتە پێشێ و نەشی دەویرا قەپی پێدا بکات. ئەرخەیان بووم بەو کراسە کۆنە ـ کە بێجگە لە دوگمەی سەر قۆڵێکی هیچی پێوە نەمابوو ـ دەوەڕی.

وەختێک زانیم هیچ نییە گلۆڵەم کرد و فڕێم دا نێو ئاوەکە. توڵەقەندی خۆی بۆ خستە نێو چۆمی و نەیهێشت ون بێت هێنایەوە. منیش سێ چوار وردە ماسیم بۆ حەوا دا و کراسەکەم لە دەمی ئەستاندەوە و توند حەوام داوە نێو چۆمەکە. خۆی بۆ خستەوە نێو ئاوەکە و لە دڵی خۆمدا لە حەوادانەوەی پەشیمان بووم.

بەڵێنم دا ئەوجار فڕێی نەدەمەوە و هەڵیگرم بزانم چییە. بەڵام پێش ئەوەی ئەو بیگاتێ کراسەکە لە نێو چۆمەکەدا قوم بوو. توڵەقەندی ماوەیەکی زۆر لە نێو ئاوەکەدا هەر هات و چۆی بوو. هەر چەندی فیتووم لێدا و بانگم کرد، نەدەهاتە دەرێ.

لەوەی کە ئەو کراسەم لە خۆڕا فڕێ داوە نێو ئاوەکە زۆر پەشیمان بووم. ناچار بۆ خۆشم بە دارێکی درێژەوە نێو ئاوەکە کەوتم، بەڵام تازە هیچم بۆ نەدەکرا.

توڵەقەندی زمانی بە هاسکە هاسک دەردێنا و دەنگی وەڕینەکەی لە گەرووی دا حەپس دەکرد، بە جۆرێک کە بە حاڵە حاڵ من دەمبیست. . .

وەختێک چاوی بە من کەوت بەو دارە درێژەوە هیچم لە گەڵی پێ نەکراوە، وا دیار بوو ئەرخەیان بووە تازە نایبینێتەوە، بە چۆڕە چۆڕ هاتە دەرێ و لەو لاوە بۆی کەوت.

**ماسیگرێکی دیکە :**

دەزانم بۆ ئەوەی کەس لێی تێک نەچێ من قەت بە تۆڕ ماسی نـاگرم ئـەو « دیکـە» یان بۆ من داناوە. هەرچەند ئەو «دیکە» یەم زۆر پێ خۆش نییە. چونکە مـن خـۆم بـە ماسیگر دەزانم و خۆم بە ماسیگرێـکی دیکـە نـازانم. رەنگـە ماسیگرێـکی دیکـە ئـەو پیاوە بێ وا لە سەرووی منەوە بە تۆڕ راو دەکا. ئیشتیام لێ بێ دەتوانم فوویـەکی لـێ بکەم و ئەو « دیکە» یە لە پێش دەمی خۆم لابەم و ببمە ماسیگرێک.

ئاخر من زۆر بە قەوەتم. یانی ئەوەندە بەقەوەتم دەتوانم مانگێـکی رەبەق تەنیا باسـی بەقەوەتی خۆمتان بۆ بگێـڕمەوە. دەتوانم بـێ ئـەوەی زۆری لـە خـۆم بکـەم تۆڕێـکی پڕپڕ لە ماسی بە قەدرای سێ تۆن راکێـشم.

بەڵام بە داخەوە لەو ماوەیەی بە تۆڕ ماسیم دەگـرت هیـچ کـات لـە دوو سـێ وردە ماسی زۆرتر بە تۆڕمەوە نەبوون.

بۆیە دوای رق هەستانێک تۆڕم لەت و پەت کرد و بەڵێنم دا هەتا ئەو چۆمـە چـۆم بێـت و من ماسیگر، تۆڕی تێ نەهاوم. قەت قەت ئاوا زۆر رقم هەڵنەستاوە و ئێـش بە جەرگم نەگەیشتووە.

ئەو کابرایەی گوتم لە سـەرووی منـەوە بـە تـۆڕ راو دەکـا و ماسیگرێـکی دیکەیـە، هەمیشە توڵەیەکی قاوەیـی بـە دوایەوەیـەتی و جگـەرە بـە جگـەرە دادەگیرسێـنێ، رۆژێـک خـەریکی تـۆڕ تـێ هاویشـتن بـووم هـــــات بـۆ لام. ئەوەنـدەی تـۆڕم تـێ هاویشت لە دوو سێ وردە ماسی زیاتری پێـوە نەدەبوو. ئەویش هـەر لـەو شوێـنەی من تۆڕەکەی لەدەست وەرگرتم و تێی هاویشـت. دوای ماوەیـەک، تـۆڕ وا قـورس بوو بە حاڵە حاڵ بە دوو کەس رادەکێشرا و من پێـم سەیر بـوو. دوای ئـەو دیسـان تۆڕم تێ هاویشتەوە، هەتا ئێـوارێ تاریکان هەر تۆڕم بە خاڵی تێ هاویشت و بە خاڵی هێـنامەوە دەرێ.

هەوا تاریکان لـە داخـان تـۆڕم لـەت و پـەت کـرد و سویـّندم خـوارد ئیـدی تـۆڕ بـە دەستەوە نەگرم. لەو ئێوارێیەی وا قولاپم دەسـت داوەتـێ ماسیگرێـکی باشـم لـێ دەرهاتووە و کەیفم زۆر سازە.
تـەنیا کەمیـّـک بـەو «دیکـە» یـە قەڵسـم. ئەگـەر لـە هیـّنانە کایـەی مـن پەشـیمان نەبوایەتنەوە، ئەوەشم دەناردەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتووە. بەڵام لە بەر ئـەوەی دەزانم ئەگەر ئەو کارە بکەم لەوانەیە ئاخریەکەی باش نەبێ جارێ هیچ ناڵێم.
لێیان دەگەڕێم پۆل پۆل خوێنەر بێنە سەیرم. منیش تـاکوو جـوان نزیـک دەبنـەوە قولاپ تێدەهاوم و بە تەکانێـک قەشە ماسـی دیـّنمە دەرێ، لـە بـەر چـاوی ئـەوان حەوای دەدەم بۆ عاسمان و دەیگرمەوە و دەیخەمە نێو تەلیسەکەمەوە.
وەختێک بە جوانی لێم نزیک بوونەوە یـەک یـەک ملیـان دەگـرم و سـەریان لـە ئاوەکە هەڵدەکێشم. شۆخی دەکەم. مەترسن، من زۆر شۆخی بازم. ئەوەندە شۆخی بـازم وەختایـەک جاریـّکیان سـیمی قولاپـەکەم تەکانیـّکی تونـدی خـوارد، وەهـا تەکانێک کە تەنیا قەشەی نیو میتری دەتوانن ئاوا سیمی قولاپی مـن راپسکێنن. بـە پەلە کێشامە دەرێ و لەو پەڕی بێ باوەڕی و سەر سووڕماندا قۆڵە کراسێکی پێوە بوو. تاکوو هیـّنامە دەرێ ئارەقی شـین و رەشـم دەردا. لـە قـەراخ چۆمەکـە بـۆی دانیشتم، ئیدی رقم هەڵنەستا و جنێوم بە عەرز و عاسمان و خاوەن کراسەکە نـەدا و جارێ نیو سەعاتی تەواو تەنیا بەو دوگمەیە پێکەنیم بە قۆڵی کراسەکەوە مابۆوە.
دواییش بۆ ئەوەی وەک درووی بیدەمە بەر کلکی ماسیگرێکی دیکە خستمەوە نێـو ئاوەکە و هەتا لە نێو ئاوەکەدا نوقم بوو، بەوە پێکەنیم چۆن بە قولاپی ماسیگرێکی دیکەوە یان بە تۆڕی ماسیگرێکی دیکەوە دەبێ، بە تەمای ئەوەی قەشەیە، لە سـەر هەست، هەتا هێـزی دەبێ تەکانی لێدەدا و دەیکێشیـّتە دەرێ. بـەڵام وەختایـەک دەیبینێ، لە داخان نازانێ چ بکا و چ بڵێ. سوور هەڵدەگەڕێ و کفر دەکات.
هە هە هە هە هە هە هە . . . . . .

**ماسیگرێکی دیکەی دیکە :**

راستە من ماسیگرم بەڵام ئەوەندەم چیرۆك خوێندۆتەوە بزانم ئێرە بۆ ئەوە نابێ نێو و شۆرەتی خۆم بڵێم و جارێ سەعاتێك بە شاخ و باڵی خۆمدا هەڵبڵێم. بڵێم لە فڵان جێگا لە دایك بووم و فڵان ساڵ هاتوومە دنیاوە و بەو جۆرە وەختی ئێوە بە زۆر شتی زیادییەوە بگرم. من باوەڕم بە چڕوپڕ گوتن هەیە و خۆشیم لە درێژدادڕی نایا. بۆیە پێم دەڵێن ماسیگرێکی دیکەی دیکە.

دەزانم لێرەدا چی پێویستە و چی نابێ بگوترێ.

دەزانم جگە لەو شتانەی بۆتان دەگێڕمەوە هەر شتێکی دیکە بڵێم زیادییە و بە کاری ئەوە نایا ئێوە گوێی بۆ راگرن.

توانایی ئەوەشم هەیە لە خۆوە بەسەرهاتەکە لە بەر یەك بکێشمەوە، بێ ئەوەی بێڵم بپچڕێ هەر کێشی دەم و کێشی دەم. بەڵام وەختایەك دەزانم لە سەرەتای ئەم بەشە مقەستێك و لە کۆتاییەکەشی مقەستێك داندراوە و خوێنەر دەتوانێ هەموو، یان هێندێك لە قسەکانی من بقرتێنێ و تووڕیان هەڵدا، لە خۆوە مەجبوور نیم زاری خۆم شل کەم و بە دەستی خۆم بێ حورمەتی بە قسەکانی خۆم بکەم.

ناحەقیان نەبوو ئەوانەی گوتیان «کەمیش زۆرە».

ئەو هاوارەیان کاتێک لێ هەستا، دەیاندیت سەری وشەکانیان کۆگاکۆگا دەکەوێتە بەینی دوو دەمی مقەستەوە.
منیش بۆ بەرگری لەبێ حورمەتی و کوژرانی بە لێشاوی قسەکانم وەهایان دەنووسمەوە، ملیان ئەوەندە ئەستوور بێت، بتوانن خۆیان لەبەرامبەری هەزاران مقەستدا راگرن :

**« ئەمن ماسیگرێکی دیکەی دیکەم. جارێکیان نێو زگی ماسییەکم دەردێنا. شتێکم وەبەر دەست هات. بۆ ئانێک لە دڵی دام، دوڕ و گەوهەرە. کاتێک شوتمەوە دوگمەیەک بوو.**
**تەواوی وڵاتم گێڕا هیچ کەس تەمەنێکی پێ نەدام. لە ماڵێ لەسەر تاقەیەکم دانابوو. منداڵەکان دەستیان دابوویە.**
**یەکیان بردبووی خستبوویە ژێر زمانی و شێر و خەتی پێوە کردبوو. وەختێک هێندەی لە هاواڵەکانی بردبۆوە و رووتی کردبوون، بە شۆخی گوتبووی جگی گورگم پێیە. لە گەڵی بە شەڕ هاتبوون و دەستیان لە تینتینۆکەی نابوو. ئەویش ناچار دوگمەکەی دەردابۆ دەرێ. یەکێک لەو منداڵانە دەستی دەداتێ و هەڵدێتەوە بۆ ماڵێ.»**

✂

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

ئێمە لێرەوە وای دادەنێین ئەو منداڵەی لە ئاخرەوە دوگمەکە هەڵدەگرێ و هەڵدێتەوە بۆ ماڵێ، کوڕی ئەو پیاوەیە لە جێگا بەستەڵەك و ئەستەمەکە راوەستاوە و دوو دار و لایلۆنێکی لە گیرفاندایە و مەحتەلە پێی بڵێن «برۆ».

# ئەلفەکان دەکەونە خواری[٧]

گوتنی «برِۆ» بە پیاوێـک کە نزیکی حەفتاساڵ تەمەنیەتی و ریشی وەک چۆڕی شیر وایە و گۆچانەکەی دەستی وە پشتی زۆر کەس کەوتووە، زۆر ئاسان نییە.
پیاوێـک کـە وەختایـەک لـە پەسـتا و بـێ وچـان مـژی لـە جگەرەکـەی دەدا و ئەوەندەی دووکەڵ لە دەوروبەری خۆی کۆ دەکردەوە، شـین و رەش هەڵگـەڕانی سەر و چاوی نەدەبیندرا، هەموو دەیانزانی لەو کاتەدا نابـێ بیدوێـنن. پیاوێـک کـە دەست راداشتن و برۆ هەڵتەکاندنێـکی بڕیە و حوکمێـک بوو.

راوەستان لـە دوای وەهـا پیاوێـکێ و گوتنـی «بـڕۆ» بـە کەسێـکێ کـە کـەیخودای ناوچەیەکـە و شــەڕ و کێـشە و ناکۆکـی و دوژمنایــەتی ئــەو ناوچەیــە بــەو نــەبێ ناکوژێتەوە، هەمیشە لە نێو بژی کردن و سوڵح و سەڵاحەت دایە، قەتڵ و کوشت و کوشتار دەبڕێنێتەوە و قسەی وەکێ ئایەت بڕشتی هەیە،زۆر چەتوونە و لەوانەیە کاری من نەبێ.

پیاوێـکێ کـە ژن و پـیاو و گـەورە و بچـووکێ شـەرمیان لـێ دەکـرد. لـە هـەر مەجلیسێـکێ دانیشـتبایە ئەحـەدی خـودا وسـتەی نـەدەکرد و تەنانـەت ریـش سپییەکانیش لە وەتاغیدا بە چۆکەوە دادەنیشتن.

جارێکیان کابرایەکێ لە قسـەیدا قسـەی کـردەوە و جوابـە جـەنگی کـرد، تـەواوی خەڵکی یەکێ دەست لە زەینی خۆیاندا تف و نەحلەتیان کرد، ورد و درشـت شـەش مانگی رەبەق، هیچ کەس قسەی لە گەڵ نەکرد. دەچووە هەر جێـگایەکێ لەڕێـوە چۆڵیان دەکرد، رووی دەکردە هەر کەسێـکێ رووی لـێ وەردەگێـڕا، لـە ئاخریـدا مەجبوور بوو بارگە و بنەی تێکێ بنێ و لەو ناوچەیە کۆچ بکات و بۆ ئەبـەد ئـەوێ بە جێ بێـڵێ.

چیرۆکێ هەڵگرتنەوە لە پیاوێـکێ کە قەت نەیدەهێـشت عەکسی بکێـشن، هەمیشـە بۆ خۆی سەر و ردێـنی خۆی چاکێ دەکرد و نەیدەهێـشت مقەستی کەس لـە مـووی سەری بدرێ و کەس دەستی وەپشت سەری بکەوێ هەر وا بە زار خۆشە.

پیاوێـکێ کە کەس نەیدەتوانی چاو لـە چـاوی ببـڕێ و تماشـای هـەر کەسـی دەکـرد مەجبوور بوو چاوی داخات.

قاقای نەدەکێـشا و کەسێـکی زیندوو نەبوو بڵـێ مـن فڵانـە کـات و لـە فڵانـە جێـگا ددانیم دیتووە. هەمیشە بزەیەکی لە سەر لێـو بوو و تـەنیا بـە زەردەخەنەیـەکی ئـەو مەجلیس دەگەشاوە.

راوەسـتان لـە دوای وەهـا پیاوێـکێ لـە جێـگایەکی خلیسـکێ و ئەسـتەم، دەنـکێ هەڵێـنان و گوتنی وشەی فەرمانی «برۆ» هەر وا بە دەم خۆشە.

هەر کات دەچووە شوێنێک بە حاڵ سڵاوێکی دەکرد و بێ ئەوەی بزانێ کێ لە بەری هەڵدەستێ و کێ هەڵناستێ، دەچووە لای سەرەوە و گۆچانەکەی لە پشت خۆیەوە بە دیوارەکەوە هەڵدەپەسارد و دادەنیشت.
کەم قسە بوو. بەڵام هەموو بڕوایان وا بوو هەر قسەیەک دوای ماوەیەک فکر کردنەوە لە زاری ئەو دێتە دەرێ و بە باوەڕی ئەوان قسەکانی هیچی ئاسایی نەبوون.
کەس نەبوو سوێند بخوا سوێندی لەو بیستووە یان درۆ و لاڕێ ڕۆیشتن و خراپ نێو بژی کردنی پێوە دیتووە. تەواوی خەڵکی دۆعایان بۆ درێژ بوونی تەمەنی دەکرد و فکریان لە ڕۆژانی دوای مەرگی ئەو دەکردەوە: کێ بێ و شەڕ و ناخۆشی و دوژمنایەتی و دەمەقاڵە و چی و چی دیکە بکوژێنێتەوە.
بۆیە ناچارم زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە لە پێشدا سڵاو بکەم، دوایی ئیزنی لێ وەرگرم بچمە نزیکییەوە و وا پیشان بدەم قەت ددانیم نەدیتوە، قەت دەستم لە مووی سەری نەدراوە و قەت ئاوا لێی نزیک نەبوومەتەوە. دەبوو وا پیشان بدەم ئەلعانیش بە ئیزنی خۆی لێی نزیک بوومەتەوە حازر نیم و گەورەیی ئەویش ئەو دەرەتانە بە من نادات چاو لە چاوی ببڕم و لە ڕوویدا ڕاوەستم.

ناچار بووم دەنگی خۆم تەواو کز کەم و بە لارە ملییەوە هەر دووک دەستم ڕاگرم و ئەو وشە نالەبارەی پێشتر لە زەینمدا بوو بیڵێم، بیگۆڕم و بەو پەڕی ڕێزەوە بڵێم: «فەرموو».
پێش ئەوەی لایلۆنەکەی لە گیرفانی دەربێنێ، چاوێکی بە دەورووبەری خۆیدا گێڕا و تماشایەکی ئاسمانی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا. من وام پیشان دا نازانم لەو کاتەدا هەست دەکا دوو دەست دڵی هەڵدەگلۆفن.
دەبوو وا بنوێنم ئاگایەکم لەوە نییە ئەو، دوو دڵە لە ڕۆیشتن و نەڕۆیشتن. وام پیشان دا نازانم دڵی خەبەری داوە ڕووداوێکی سەیر ـ ئەو ڕووداوەی لە مێژە، ئێمە چاوەڕێین ـ ڕوو دەدا.

دەبوو وا بنوێنم نازانم ئەو هەناسەیەی بۆ ئەوە بوو شتێك لە دەروونەوە پێی گوتووە دوای ئەو رووداوەی قەرارە روو بدا، ئیدی ئەو دەوروبەرە، ئەو دەوروبەرە نامێنێ و ئەو ئاسمانە، ئەو ئاسمانە نامێنێ و وام نواند.

وام پیشان دا نازانم بۆ ئەو پێی خۆشە پتر راوەستێ و تماشای دەوروبەر و ئاسمان بکات.

دەبوو وا بنوێنم نازانم گەورەترین پیاوی ئەو ناوچەیە ئەلعان لە دڵیدا هەست بە چکۆلە بوون و زەبوون بوون و پەژارەیەکی وا دەکات، بۆ ئەوە نابێ لە لای کەس بیدرکێنێ.

وام پیشان دا نازانم گەورە پیاوێك کە کەس نەیدەتوانی لە روویدا راوەستێ و چاو لە چاوی ببرێ ئەلعان لە دەروونەوە تکا دەکات، دەست بەرداری بم و بێم برۆم. تاکوو ئەو جارێ نەروا و بیخاتە وەختێکی دیکە.

بەڵام نەیدەخستە رووی خۆی و وای دەنواند هیچی ئەوانە، وا نین. منیش ئەوەم زۆر پێ خۆش بوو ئەو، ئەوەندە خۆڕاگر بوو، رووخانی دەروونی نەدەخستە خۆی. چونکە ئەگەر وە دیاری خستبایە دیسان رووداوەکە ئەوەندەی دیکەش وە دوا دەکەوتەوە.

خودا دەیزانی ئایا جارێکی دیکە هەلێکی وا هەڵدەکەوتەوە یان نا؟ نەمدەتوانی لەوە زیاتر راوەستم و ئەو رووداوە روو نەدا یان وەدوا کەوێ. چونکە تا ئەو رووداوە روو نەدا رووداوەکانی دیکە ناتوانن روو بدەن.

ئەو ساتەش راست وەختی خۆی بوو، راوەستان لەوە زیاتر بەو تۆف و بەند و سەرمایە، کەسیرەی دەکردین.

دیسان دەنگی خۆم کز کرد و بەو پەڕی رێز و حورمەتەوە هەردووك دەستم راداشت و گوتم: «قوربان! تکایە فەرموو!!»

بۆ ئەوەی ساتێکی دیکە ئەو رووداوە وە دوا کەوێ، گۆچانەکەی سێ چوار جار هەڵسووراند و یەك بە خۆی حەوای دا، گۆچان هەتا لە چاو ون بوو هەر بە ئاسمانەوە بوو. من نەمدیت بکەوێتە عەرزی و لە دڵی خۆمدا گوتم «رەنگە زۆر دوورتر بکەوێتەوە سەر عەرزی».

دەبوو وا پیشان بدەم ئەو کارانە هەموو لە جێگای خۆیدان و هەموو شتێک وەک جاران ئاساییە و هەر واشم کرد.
لایلۆنەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، لە سەر بەفرەکەی دانا و دوو دارەکەی بە دەستەوە گرت، هێواش لە سەر لایلۆنەکە دانیشت و خۆی بەرەو پێش رادا و لاقی بەرەو حەوا هەڵێنا.
لەو لاق بەرەو حەوا هەڵێنانەدا راست ئەوەی ئێمە دەمانگوت رووی دا: دوگمەکە لە گیرفانی خزی و کەوتە خوارێ . . .
وەختێک لە ماڵێ دەستی لە گیرفانی دا و دوگمەکەی وەبەر دەست نەهات مچورکێک بوومەلەرزەی خستە گیانی.
ئێوە لە ئێستاوە لە زەینتاندا هێڵێک نیشانەی سەرسوڕمان بە دوای یەکتردا ریز کەن، بە جۆرێک درێژەکەیان یەک کیلۆمیتر بێ. لێرەدا ئەو دەرەتانە نییە کیلۆمیترێک نیشانەی سەرسوڕمان بە دوای یەکتردا دابندرێن،دەنا کیلۆمیترێک نیشانەی سەر سووڕمان زۆر سەیرە. کیلۆمیترێک ئەلفێک و نوختەیەک لە ژێری!

**بێتوو بۆ خۆشم بە پەنایدا تێپەڕم هێندەم پێ سەیر دەبێ سەرم سووڕ دەمێنێ و دەچمەوە سەرەتای خەت.**

دوای ئەوەی لەرز و یاو گرتی تەواوی گیانی وە ئیش کەوت و لێی بوو بە نەخۆشییەکی گران.
ئەگەر پێشتر رام نەگەیاندبایە زۆر لەوانە بوو ئەو خەبەرەتان بێ حەد پێ سەیر بێ، یانی ئەوەندەتان پێ سەیر بێ بۆ هەمیشە سەرتان هەر سووڕ بمێنێ.
بەڵام بەوە باش بوو پێشتر پێم راگەیاندن لە زەینتاندا ریزێکی یەک کیلۆمیتری نیشانەی سەیرمان و سەر سوڕمان دانێن شتێک کە لە عومرتاندا لە هیچ نووسراوەیەکدا نەتاندیبێ و نەشیبینن.
ئەو نەخۆشییەی وەها لێ پیس کرد دەبوو ـ حەتمەن دەبوو ـ بیبەستنەوە و هیچ کەس نەیدەوێرا لێی نزیک بێتەوە، لە دوورەوە نان و ئاویان بۆ حەوا دەدا.

لـە بـەر نەشـکاندنی حورمـەتی ئـەو پـیاوە بـە ناوبانگـە نالێـم چـۆن دەچـووە سـەر ئاودەست، لەو وەختەدا چی دەکـرد و دوایـی ئەگـەر دەهاتـە دەرێ هـەتا دەسـتیان دەبەستەوە چی دەکرد و چی دەگوت؟

ئەو قسانەش ناگێڕمەوە دوای تێرخواردن رووی لە بن میچ دەکرد و هەتا خەوی لێ دەکەوت هەر دەیگوت و دەیگوتنەوە.

ئەوەش ناگێڕمەوە وەختێک لە دیوی دوکتور دەستیان کردەوە بـۆ ماوەیـەک بـە لەرزەلەرز راوەستا و دوایی ئیزنی لە دوکتور وەرگرت بچێتە بەر پەنجێـرەکە، چـی کرد و چی گوت؟

حازر نیم یەک وشەشی بگێڕمەوە، ئەو وەختانەی گۆچانەکەی وەبـیر دەکەوتـەوە چی دەکرد بە گۆچان و پێـوەی دەرۆیشـت و جنێـوی بـە کـێ دەدا و تفـی لـە چـی دەکرد و دەستی بۆ کوێـی دەبرد؟

حازر نیم بۆتان بگێڕمەوە وەختایەک ریش سپی و پیاوە ماقووڵەکان لە سەرانسەری وڵاتەوە دەهاتن بۆ لای، چی دەکرد؟ ئەوانەی دەیـان دیـت دەسـتیان بـە چاویانـەوە دەگرت و سەریان دادەنەواند و هەر ئەوەندەیان پێ دەکرا بپاڕێنەوە:

ئەلفێـک و نوختەیەک لە ژێـری! ئەلفێـک و نوختەیـەک لـە ژێـری! ئەلفێـک و نوختەیەک لە ژێری **!**

**ئەو ئەلفە بێ ئەوەی پاڵی بە شتێکەوە دابێ یان شتێکی وەبـەر درابـێ یان کەوتبێـتە سەر نوختەکە چۆن لە خۆڕا لە حەوادا راوەستاوە؟؟!**

هێندەم پێ سەیر دەبێ و سەرم سـوور دەمێـنێ، لاتراسـکە دەبەسـتم و دەکـەوم بـە سەریدا. ئەلفەکە دەکەوێتە خوارێ دەمێنێتەوە یەک نوختە .

# گەورە باپیرە نووسینی گەورە

باپیرە گەورەی جان ـ ئەو جانەی تا ئێستا نێوی نەهاتووە و لە بەشەکانی دواییدا زۆرتر دێتە کایەوە ـ ئەو باپیرە گەورەیەی سەر جەللەی هەموو جانەکان دەگاتەوە بەو و نێوەکەی لە شەجەرەنامەی بنەماڵەکەیاندا لە سەرووی هەموویانەوە بە خەتێکی درشت نووسراوە، تفەنگێکی چۆلەکە کوژی بە دیاری بۆ دەنێرن.
یەکەم رۆژ زۆر بە دڵخۆشییەوە دەچێت بۆ چۆلەکە کوشتن. تاکوو ئێوارێ لە پتوونی تفەنگ راست دەکاتەوە و قۆنداخەکەی بە شانییەوە دەنێ و چاوێکی دەقوچێنێ و سیرەی لێ دەگرێ و قامک بە پەلەپیتکەدا دێنێ کەچی هیچی بۆ نائەنگێودرێ.

دووهەم رۆژ ...

سێهەم رۆژ ...

چوارەم رۆژ ...

پێنجەم رۆژ ...

**وەختێـک دایکی پێـی دەڵێ راو بە شانسە و تۆ بە منداڵیش شانست لە تەپـکەنانەوە نـەبووە، رقـی هەڵدەسـتێ و هیـچ بـن داریـێـک نامیـێنێ گوللەی تێـدا بە فیرۆ نـەدات. هیـچ پـەنا و پەسێـویـێـک نامیـێنێ خـۆی تیـێدا حەشـار نـەدات و هیـچ جیـێگایەک نامیـێنێ گوللـەی تفـەنگی چۆلەکە کوژی ئەوی لێ نەکەوێ. هیچ دار چرابرق و سەر گوێسوانە و سیمی بەرق و تەلەیفون و ئانتێنی تەلەفزیۆن و تەنافی لیبـاس و سـەر دیوار و بن دیوارێـک نامێنێ هەزاران جار چۆلەکە بە تەقـەی تفـەنگی ئەو هەڵنەفڕێ تەنانەت هیچ چۆلەکەیەک نامێنێ سەدان کەڕەت بـە تەقەی تفەنگی ئەو هەڵنەفڕیبێ.**

تـاکوو وای لـێ دێ چۆلەکـەکان سـڵی لـێ ناکـەن و وەک پیـێشوو زوو لـە بـەری هەڵنافڕن. کار بە شوێـنیـێک دەگات پێـنج شەش گوللە لە چۆلەکەیـەک هەڵـدەکا، هەر نایگرێ، چۆلەکەش لە جێی خۆی چرکە ناکات.

بەو کارە وەها رقی هەڵدەستێ و وەها شوێـنی چۆلەکەکان دەکەوێ و جنیـێو دەدا، هەموو خەڵکی بە جۆرێـک تماشای دەکەن.

**بە تەمای ئەوەی ئاخری چۆلەکەیەک بکوژێ و ئەگەر ئـەو تەلیسـمە بشکێنێ بۆ خۆی دەزانێ چ دەکات.**

دیسـان تفـەنگی راسـت دەکـردەوە و قۆنداخەکـەی بـە شـانیەوە دەنـا و چاوێـکی دەقووچاندەوە و تەپیەی لـە تفـەنگ هەڵدەسـتاندەوە: چۆلەکـە سـووکە قنەیـەکی دەکرد و گوللە کەس نازانێ لە کوێ دەکەوت و چی لێ دەهات.

بۆ ئەوەی خۆی لەو جۆرێـک تماشا کردنانەی خەڵک بشارێتەوە، هەموو رۆژێـک دەچووە قەراغ شاری و لە نێـو باغیـێکدا، بـە دەردی بۆخـۆی دەیگـوت « خـەریکی چۆلەکە کوشتن دەبوو » .

ڕۆژێـک لەو ڕۆژانە چۆلەکەیـەک ئەوەنـدەی لـێ نزیـک دەبـێ کـە قۆنداخی تفەنگی بۆ لە شانی توند دەکات، سیرەی بۆ دەگرێ و قامکی لە سەر پەلەپیتکە دادەنێ، برێـک ڕاست و ڕێکی دەکـات و لـە دڵـی خۆیـدا ڕاسـت لـە سـەر دڵـی رادەگـرێ. پێـش ئـەوەی قامـک بـە پەلەپـیتکەدا بنـێ لـە خـۆڕا لاقـی دەخـزێ و دەکـەوێ. وەختێـک هەڵدەستێتەوە خۆی بتەکێنێ، چاوی بە دوگمەیـەک دەکـەوێ. بـە پـەلە دوگمەکـە دەخاتـە گیرفانـی و تفەنگەکـەی هەڵدەگرێتەوە. چۆلەکە هەر لە جێگای خۆی دەبێ، دیسان سـیرەی لـێ دەگـرێ، لـە گەڵ تەقەی تفەنگ چۆلەکە لە حاند خۆی دەکەوێتە خوارێ.

بۆ خۆی باوەڕی وا بوو هەر بە تەقەی گوللەکە دڵی تۆقیوە، شتێک بە دڵیدا هـات و دوگمەکەی دەرهێنا و ماچی کرد.

دەگێڕمەوە: ئەو جار هیچ چۆلەکەیەکی لـە هیـچ جێگایەک نـەدەبوارد. وای لـێ هاتبوو لە مەودای زۆر دووریشەوە دەیئەنگاوتن.

بۆ خۆی هەر پێی وابوو لە گـەڵ تەقـەی تفەنگەکـە بـەر دەبنـەوە، ئـەوەی لـە لای کەس نەدرکاند.

ڕۆژی دەیـان جـار دوگمەکـەی دەردەهێنا و تماشـای دەکـرد. لـەوەی توانیبـووی ئابـرووی خـۆی بکرێتەوە زۆر شـاد و بەکـەیف بـوو. هەمووجارێـک سـینگی دەردەپەڕاند و تفەنگی لە سەر نەرڕەی شانی دادەنا، ئەوەنـدەی پـێ نـەدەچوو بـە کۆڵێک چۆلەکەی کوژراوەوە دەگەڕاوە.

وای لـێ هـاتبوو بـە دەستێـک تفـەنگی رادەگـرت و لـە حـەواوە چۆلەکـەی بـەر دەدانەوە . . .

وەسیەتی بۆ کوڕەکەی کرد چاک ئاگای لەو دوگمەیە بێت.

# شێعرێک تا پەرپەرۆچکەی ئاسمان

ئەو بە پێچەوانەی بابی رقی لە راو دەبێ، بە تایبەت راوە چۆلەکە.
لە سالڕۆژی مەرگی بابی دا لە نێو سالنامەکەیدا نووسیبووی:
« لە پارەکە ئەو دەمانەوە چۆلەکەکان دەوێرن لە سەر دارچرا برق و دیوارەکان بنیشنەوە و سەربانەو سەربان بکەن.»
تەنیا شتێک لە ناخەوە ئاخی بۆ هەلکێشاوە تێیدا شارەزا بێ، شەڕە شێعر و شەڕە فڕ دەبێ. بەڵام هەڕەی لە پڕەی ناکا و دایمە هەر دەبەزێ و دەبەزێ.
وا دیارە ـ بەو نووسراوانەی لە دوای بە جێ ماون و هێندێکیان پارێزراون ـ جارێکی لە قاوەخانەیەک پتر لە سەد کەسی لێ دەبێ وەها دەبەزێ تەواوی دانیشتوان لێی لە قاقای پێکەنین دەدەن و لەو شەوەوە دەبێتە گاڵتەجاڕی خەڵکی.
لە لاپەڕەی رۆژی جومعەی چاردەی سەرماوەزدا دەنووسێ: « بەیانی ئەو شەوەی خێزانم دوگمەکەی بۆ لە کراسە سورمەییەکەم دابوو، هەرچی دەمگوت کێش و

هەوایەکی تایبـەتی هـەبوو. ئـەو وەختـە نەمـدەزانی هـی چییـە. یانـی دەمزانـی بـەڵام ئەرخەیان نەبووم. هەرچییەک بێت کەیفم زۆر ساز بوو.»

بە پێی بیرەوەرییەکانی، هەل لە کیس نادات و دیسان روو دەکاتەوە قاوەخانەکان. ئەو جار پێیان دادێ، هەر شەوەی سێ چوارێـک دەبەزێـنێ. تەنانـەت وای لـێ دێ بۆ خۆی بانگێـشتی لـە شـایەر و خۆبیـژەکان دەکـات و یـەک لـە دوای یـەک بـە گوتەی خۆی کە نووسیویەتی: «وەک گوڵە بەرۆژە سەرم هەڵدەبرین.»

بە ناوبانگترین و گەورەترین شایەری وڵاتی بۆ دێنن. نێـوی ئەو شایەرەی لە دوو سێ جێگا نووسیوە بەڵام وا دیارە دوایی لە بەر هەر شتێـک بێـت وای پـێ خـۆش بـووە کوێـری کاتەوە، بە داخەوە وای رەش کردۆتەوە بە هیچ بارێـک ناخوێـندرێتەوە.

خەڵکێکی بێ ئەژمار کۆ دەبێتەوە و مەجلیسیان بـۆ دەگیـرێ. شـایەرە گـەورە لـە سـەر خۆرایـی نایکـا و «حەوسـەلەی جەفەنگیشـی» نییـە. لـە سـەر پـووڵ و زیـڕ و زێـویش نایکات.

بەو قسەیەی هەموو دانیشتوان دەکەونە سرتە سرت و بە گوێی یەکتردا چپاندن . . .

«شایەرە گەورە دەست پێ دەکات.

سریوە نایە، ئەوانەی مژیـان لـە قلیانـەکانیان داوە فریـا ناکـەون تـەواو قووتـی دەن، لەگەروویاندا رایدەگرن. سەدان نیوەچا لە ئیستیکانەکاندا ماوەتەوە، سـەدان کـەس چاویان بە مۆلەق وێستاوە.

شایەر پازدە دەقیقە بێ وچان زاری ناوەستێ و ئەوی دەیلێ نایلێتەوە.»

وەختێک دوای پازدە دەقیقە رادەوەستێ،
ئیــــێوە لـــــە جیاتـــــی عالەمەکــــەی ئـــــەو وەختــــە چەپـــــڵەیەکی دوور و درێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــژی بــە ئەنــدازەی پــازدە کیلــۆمیتر بــۆ لێدەن.

دوایی ئەو دەست پێ دەکات. لەوەی لە ماوەی شێعرخوێندنەوەکەیدا هەستی خەڵکی چۆن بووە هیچی نەنووسیوە. تەنیا نووسیویەتی: « وەختایەک دوای نیو سەعات راوەستام، بە هیوای ئەوەی دوای ئیستێک دەست پێ بکەمەوە، سێ یەکی خەڵکەکە زاریان وا داپچڕی بە حاڵە حاڵ بۆیان چۆوە جێ و شایەرە گەورە بێ هۆش کەوت.»

دوایی ئەو دەچێتە سەری و بە شێعر پێیدا هەڵدەڵێ. ئەگەر بێهۆش نەکەوتبایە سەری بچووبایەتە پەرپەرۆچکەی ئاسمان هەر لێم دەستاند. بەڵام بە خەڵکی دەبەخشێ.

بە پێی نووسراوەکانی لە دوای ئەو رووداوەوە هیچ کەس نەیوێراوە شەرە شێعر، یان شەڕە فڕی لە گەڵ بکات. ئەویش ناچار چیرۆک و بەسەرهاتەکانی بە شێعر هۆنیوەتەوە. لە کۆتایی تەمەنیدا بۆ کوڕەکەی نووسیوە ئەو دوگمەیە باش بپارێزێ.

# گرتنی ساتەکان بە قولاپ

لە پێشدا ئەوە بڵێم ئەو بەشە لە بەینی دوو قولاپدا دەگێڕمەوە. پێش ئەوەی دەست پێ بکەین هەر لە سەرەتاوە قولاپێکیان دادەنێم و با جارێ ئەوی دیکەیانم پێ بێ.

[ ئەو ئەوەندەی لە بابیەوە پێ براوبوو بتوانێ بە ئیشتیای خۆی لێی راکێشێ و چی پێ خۆش بێ بیکات.

کاری سەیر سەیری دەکرد.

جارێکیان ئەسپی زین کرد و دوو تاجی وە دوای خۆی دا و رۆیشت بۆ راو. رۆیشت رۆیشت تاکوو گەیشت بە بێشەیەک. لەوێ تاجییەکانی لە دەورروبەری کۆلکە دارێکی پیر دەهاتن و دەچوون. ئەو گوێی پێ نەدا و رێگەی خۆی درێژە پێ دا. وەختێک زانی تاجییەکان لە گەڵی نەهاتوون رێگەی رۆیشتووی گەڕاوە.

لە دوور چاوی پێیان کەوت، بە دەورروبەری ئەو کۆلکە دارەوە مڵ و مۆیان بوو. شادی لە دڵ گەڕا و خۆی کرد بە قوربانی تاجییەکانی.

لە ئەسپەکەی دابەزی و بە دارێکەوە بەستییەوە و بە پەلە هات بچێ بزانێ «چی لێیە؟». کوت و پڕ کەوتە نێو قوڵکێک.

[ ئەو قوڵکە، قووڵاییەکە لە بەر ئەو کەسانەی گێڕانەوەی هێڵی و بێ کەند و کۆسپیان پێ ناخۆشە]

لە گەڵ کەوتنە خوارێی، دنیا لە بەر چاوی تاریک بوو، سەری قوڵکەکە نراوە. پێش ئەوەی هەر جۆرە حەول و تەقەللا و داد و هاوارێک بکات، هەر دووک

دەست و هەر دووک چاو و هەر دووک گوێ و زاریان بەست. تەنیا ئەوەندەی دەزانی بەرەو شوێنێکی دەبەن.
ئەوەندە ترسابوو نەتوانێ ئەوە بزانێ « روح لە سەر کونە لوتییەتی و جوان دیارە فڕکە فڕکییەتی. ئەوە یەکێک لەو ساتە دەگمەنانەیە بۆ روح هەڵدەکەوێ پشوویەک بدات».
دوای ماوەیەک بە هەر شتێکدا بێت زانی دەرێ نییە و ژوورێیە. بە هەر شتێکدا بێت زانی گیان لەبەری لێیە.
فکری بۆ هەموو دێو و درنج و بنیادەم خۆریێک دەچوو بەڵام فکری بۆ ئەوە نەدەچوو ئەو جێگایە وەها بێت کە دوای کردنەوەی چاوی، دیتی.
دوای ئەوەی چاو و گوێ و دەست و زاریان کردەوە، بۆ ئەوەی زۆرتر خۆی فەقیر حاڵ و بەستەزمان نیشان بدات، پتر لەوەی پێویست بوو چاوی هەڵگلۆفی.
وەختایەک هیچ شتێک گازی لێ نەگرت و قووتی نەدا و نەیخوارد و ئازاری نەدا، تەنانەت هیچ شتێک و هیچ کەسێک پێی نەگوت و لێی نەپرسی، وردە وردە بەرچاوی روون بۆوە.
خۆی لە نێوەڕاستی هۆڵێکی دوور و درێــــــــــژدا دیت. دەوران دەور بە قەراغ دیواری هۆڵەکەوە میز و سەندەڵی چندرابوون. هەر میز و سەندەڵییەک کەسێکی لە سەر بوو کە لەپتونی کتێبێکی دەخوێندەوە.
فکری بۆ هەموو شتێک دەچوو بەڵام فکری بۆ ئەوە نەدەچوو کە دوای سەعاتێکی دیکە بۆی روون بۆوە ئەو کەسانە بۆ لەوێن و خەریکی چین؟
هۆڵەکە لە بن دیوارەکانییەوە دەوران دەور تاکوو بن میچ قەفەسە بوون، قەفەسەکان هەموو لە کتێب ئاخنرا بوون.
تەنیا جێگای درگایەکی چکۆلە خاڵی بوو.
لە بن میچ بە نێوانی چەند میتر پەنجێرەیەک کە رۆشنایی لێوە دیار بوو، کرابۆوە.
کەس کاری بە سەر کەسەوە نەبوو. هەموو بێ وچان دەیان خوێندەوە.
چاوەڕوان بوو کەسێک بێت بە لایەوە، کەسێک دەستووری پێ بدات. کەسێک یەخەی کراسەکەی بگرێ و هەڵی بستێنێتە پێ و لەو درگا چکۆلەوە بیبات.

دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر هیچ شتێک ڕووی نەدا و کەسیش کاری پێی نەبوو، هەستا بەرەو درگاکە وەڕێ کەوت.
لە هەر هەنگاوێکدا چاوەڕوان بوو بیگێڕنەوە دواوە، وە بەر زللەی بدەن، لە هەر ساتێکدا بە هیوا بوو قاقایەکی بڵحانە لە جێی خۆی ویشکی کات.
بە تەمای ئەوەی دوای کردنەوەی ئەو درگایە کەس نەبێ ڕێی پێ بگرێ و هەمووی بەسەرهاتەکە وەک خەونێک دوایی پێ بێ و لە دەست ئەو مۆتەیەی سواری شان و ملی بووە، ڕزگاری بێت، دەستگرەی درگاکەی داگرت و کردیەوە:
هۆڵێکی دوور و درێـــــــــــــــژ، کەسی تێدا نەبوو. لە سەری ئەو سەرەوە درگایەکی لێ بوو بە پەلە بەرەو درگاکە ڕۆیشت و درگای کردەوە.
کچێک لە شازادە نەبێ لە هیچ کەسێکی دیکە نەدەچوو، لە سەر تەختێکی مەخمەر پاڵی دابۆوە، میزێکی لە بەر دەم بوو، لە سەر میزەکە چایەکی تازە دێم، کەشەفێک میوەی بە ڕیز چندراو دانرابوون. چاوی ئینسان بێ ئیختیار بە دیوارەکانییەوە لە دووی تابلۆی نەققاشی و شتی گران بایی و سەیر دەگەڕا. بەڵام جگە لە عەکسی شازادەیەک بە سواری ئەسپەوە سیرەی تفەنگی لە مراوییە کێوییەک گرتبوو، هیچ نەدەبیندرا.
هەموو ئەوانە من دەیانڵێم نەوەک ئەو، چونکە ئەو، ئەو دەنگە زیاتر لەوە ترساندبووی ئاوا بە وردی شتەکان ببینێ.
ئەو تەنیا ئەوەندەی دیت کوڕێک و کچێک لەو وەتاغە دان و هات ئەوەی بە زەیندا بێت: « پێش چوونە ژوورێی ئەو، ئەو کوڕە شتێکی بۆ کچەکە دەگێڕاوە و بە تەقەی درگاکە ڕاوەستاوە» بەڵام دەنگەکە ئەوەشی لە بیر بردەوە.
ئەو دەنگە تووڕەیە لە هی هیچیان نەدەچوو: «ڕاوەستە».
لە پشتەوە ملیان گرت و بردیانە دەرێ.
«کێ گوتی بێیە ئێرە؟»
هیچ وڵامێکی نەبوو.
بردیانە وەتاغێک. فکری کردەوە ئەو کابرایەی دانیشتووە و جگەرە دەکێشێ ئەلعان دەستوور دەدات بێن لێی دەن و سەری بڕنو . . .

دەستی راداشت دانیشێ، دانیشت. درگا کراوە، کەسێک کەشەفێک چایی و شیرینی دانا و رۆیشتە دەرێ.

کابرا دوای ئەوەی بە وردی بۆی گێراوە ئێرە کوێیە و کوێ نییە و هی کێیە گوتی: « ئەلعان دەچی کتێبێک هەڵدەگری تا ئاخر دەیخوێنییەوە. کارت بە کەس نابێ و کەسیش کاری بە تۆ نابێ. کاتێک کتێبەکەت خوێندەوە خۆت ساز دەکەی دەتبەن بۆ لای شازادە خانم. لەوێ بۆی دەگێریەوە. ئەگەر ئەو کەیفی بە چیرۆکەکە ساز بوو و پێی خۆش بوو، ئازاد دەکرێی. دەنا سەر لەنوێ کتێبێکی دیکە دەست دەدەیەی و دەیخوێنییەوە. تا ئاخری بە داستانێک دەگەی شازادە کەیفی پێی ساز بێ ».

چونکە من دەزانم شازادە کەیفی بە هیچکام لەو چیرۆکانەی ئەو دەیخوێنێتەوە ساز نابێ، هەڵبەت ئەوەش بڵێم ئەو کارەی شازادەخانم جۆرێک فێڵە. هەر ئەو کات بۆ هەوەڵ جار درگاکەی کردەوە و چاوی پێی کەوت، شازادە لە دڵی خۆیدا ئەو پیلانەی بۆ دانا کە هیچ کام لە چیرۆکەکانی ئەوی پێ خۆش نەبێ و هەر بیهێڵێتەوە و بیهێڵێتەوە.

بۆ ئەوەی گیرۆدەی ئەوینی شازادە نەبێ و وە دوامان نەخات، ناچارم قولاپەکەم دەرهێنم و بە پەتێکییەوە کەم و رایهێڵمە خوارێ ئەویش توند دەستی لێ گیر دەکات و هەڵی دەکێشمە سەرێ.

ئەو قولکەیە ـ رەنگبێ ناوێ ـ زۆر کەسی تێ کەوتووە و زۆر کەسی دیکەشی تێدەکەوێ. من ئەو قولاپە هەر لێرەدا،دادەنێم، تاکوو گیرکراوەکانی پێ بێننەوە دەرێ، خێری دایک و بابم. ]

وەختێک نەجاتی بوو و رۆیشتەوە بۆ ماڵێ. لەو کاتەوە تاکوو ئاخری تەمەنی ئەو دوگمەیەی لە بەر چاو شیرین بوو.

زۆر جاران دەیگیڕاوە وەختێک دەستی لەو دوگمەیە دراوە ئەو قولاپە لە غەیبەوە هاتووە و ئەوی رزگار کردووە.
لە ئاخری تەمەنیدا وەسیەتی بۆ جانی کوڕی کرد ئاگای لەو دوگمەیە بێت.
لە سەرە مەرگدا دواهەمین قسەی ئەوە بوو:
دوگمە داخرا.

# قامکێک تا ئامۆژە

• • •

لاپەڕەکان هەڵدەنەوە و تماشایەکی سەرەتای چیرۆکەکە بکەن.

ئەو سێ نوختەیەی لە سەرەتادا داندراوە نیشانەی ئەوەیە ئێمە زۆر درەنگَ و لە نیوەی بەسەرهاتەکە بەو لاوە گەیشتوینەتێ تا ئێمە دەگەینێ حەوت کەس ( شەش برا و خوشکێک ) یەک لە دوای یەک مردوون.

ئەوە بۆ هەشتەمین جار جان چۆتەوە بەر ئاوێنە، دەستێک بە قەفی سمێڵیدا دێنێ و ورتەیەک دووپات دەکاتەوە. کۆت و شاڵوارە سپییەکەی دەکاتە بەری و تا ئێوارێ لە خیابان ورتەیەک لە بەر خۆیەوە دەڵێتەوە.

پۆ ئەوەی پیشان بدرێ ئەو ورتەیە زۆر دووپات دەکرێتەوە سێ نوختە دادەنێین •

• •

هەروەها لەو سێ نوختەیەدا زوڕ شتی دیکە گونجاوە، وەک ئەو ئاوێنەیە و سمێڵە پڕەکەی جان.

ئەگەر درگای هاڵەکەی جان دەکرێتەوە لە رووبەڕووی درگاکە پەردەیەک کێشراوە. لە سەر پەردەکە نوسراوەیەک دەبیندرێ کەس بۆی ناخوێندرێتەوە، یانی پیتەکانی دەخوێندرێنەوە، بەڵام کەس لە سەرجەمیماناکەی ناگا. کەس نازانێ چییە و کەنگێ و بۆچی نووسراوە؟ ئاکاری جانیش شتێکی وا نادا بە دەستەوە پیاو بزانێ ئایا بۆ خۆی ماناکەی دەزانێ یان نا؟

وەها پەردەکە هەڵدەداتەوە دەڵێی هیچی لە سەر نەنووسراوە: ئاوێنەیەکی چل لە هەشتا سانتی لە چوار چێوەیەکی دار گیراوە و لە سەر لێواری چوار چێوە دارەکە گوڵی سوور هەڵکەندراوە. هەر گوڵێکی سوور بە لقێکەوە دەبینـدرێ کە دوای سێ گەڵا دەرهاتووە.

جان باوەڕی وا بوو هەموو شتێک تۆزی لە سەر بنیشێ نابێ ئاوێنە لە سەری بنیشێ.

دوای ڕێک و پێک کردنی لیباسەکانی و داهێنانی سەری نۆرە دەگاتە سمێڵی.

دوایی کەوشەکانی لە پێ دەکات و لە درگای دەرێوە ئەو ورتەیە لە بەر خۆیەوە دووپات دەکاتەوە.

تەنیا کەسێکی پێی خۆشە لە خیابان لە گەڵی بگەڕێ «س» یە.

«س» براگەورەی ئەو حەوت برا و خوشکەیە کە تا ئێستا شەش برا و خوشکێکی مردوون.

بە ڕەگەز دەچنەوە سەر ئەو کابرایەی دوو دار و لایلۆنەکەی پێ بوو. «س» بۆی روون بۆوە باپیرە گەورەی وەختێک لایلۆنەکەی خستۆتە ژێر خۆی و لاقی هەڵێناوە، ئەو دوگمەیەی لێ داکەوتووە. دوای ماوەیەک ئەو پیاوە چۆلەکە کوژە (باپیرە گەورەی جان) هەڵیگرتۆتەوە، زانیویەتی هی کێیە بەڵام حاشای لێ کردووە. بەو جۆرە ئەو دوگمەیە پشتاوپشت بە نهێنی گەیشتۆتە دەستی جان ئەو پێی وابوو جانی بنی جانە.

لەو کاتەوە ئەو دوگمەیە ون بووە ماڵ وێرانی و بەدشانسی ڕووی لە بنەماڵەی ئەوان کردووە.

هەموو ئەوانەی لە دایە گەورەی بیستووە، دایەگەورەشی لە دایەگەورەی خۆی بیستووە، ئەویش هەر لە دایەگەورەی خۆی بیستووە . . . بەو جۆرە ئەو قسانە لە ژنی ئەو پیاوەی دوو دار و لایلۆنەکەی پێ بوو، هاتووە هەتا بە گوێی « س » گەیشتووە.

خودا دەزانێ ڕەهەندە پێچەڵاوپووچەکانی گوێچکەی « س » چ ئێش و ئازارێکیان دیتووە، ئەو کاتەی ئەو قسانەی بیستووە؟

دوایی لە مێشکیدا بوون بە چی؟ و چ شوێنێکیان لە سەر ئەو داناوە؟ کە ئاوا بە دڵنیاییەوە پێی وا بوو دوای ئەوەی جان بۆ هەوەڵ جار کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە برای یەکەمی مرد.
دوای ئەوەی جان بۆ دووهەم جار کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە برای دووهەمی مرد. هەر ئەو کات دەیزانی هەتا ئەو دوگمەیە بە کۆتەکەی جانەوە بێت براکانی دیکەشی و تاقە خوشکەکەشی دەمرن.
ئەو، نووسراوەیەکی زۆر وردی بەو دوگمەوە دیتبوو. دوو سێ جاریشی دەست لێدابوو. هەر بۆیە پێی خۆش بوو زیاتر لە جان نزیک بێتەوە. جان سۆسەی کردبوو «س» دەیهەوێ چ بکات و بەتەمای چییە. بۆیە دوای ئەوەی بابی مرد ئەو ورتەیەی لە سەر دوگمەکە نووسی و لە کۆتەکەی دا و هەموو رۆژێک دووپاتی دەکردەوە تاکوو هیچ کەس نەتوانێ تەنانەت دەستیشی لێدا.
بەڵام «س» بێ خەبەر لەوەی جان چی کردووە، دەستی لێدابوو بە تەمای ئەوەی رۆژێک لە رۆژان ئەو دوگمەیەبترازێ و جان ئەوی هەیە و نییە لە بیری بچێتەوە دەیویست بە هەر جۆرێک بێت ئەو دوگمەیە بگەڕێنێتەوە بۆ بنەماڵەی خۆیان و لانی کەم حەوتەمین برای بمێنێ.
حەوتەمین برای لێی سوور بوو دوای ئەوەی جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کردووە و ئەو ورتەیەی دووپات کردۆتەوە ئەویش وەک براکان و خوشکەکەی دەمرێ.

# شینی برای یەکەم

یەکەمین برای بە منداڵی تووشی نەخۆشییەک هاتبوو. بابی دیتبووی چۆن کاری بە « بەیانی جارێک، نیوەڕۆ جارێک،ئێواری جارێک » نییەو بە دزییەوە یەک بین ملی پێوە دەنێ.
تا نیوەڕۆ پێنج شەش جاری پڕ دەکردەوە و تا ئێواری پێنج شەش جاری دیکەش. هەر قومقومەکەی لە دەمی دەکردەوە دیسان هەستی دەکرد توونییەتی و قومێکی دیکەی لێ دەدا. قوم قومە، قومقومەکەی هەڵدەچۆڕاند. بە دزییەوە پڕی دەکردەوە و سەر لە نوێ . . .
لە پڕ زگی هەڵدەمووسا و هاواری لێ پەیدا دەبوو. لە هەر کوێ بوایە دەبوو بیگەیەننە دوکتور.
دوکتور بەڵێنی دابوو بێتوو « ڕۆژی سێ جار، بەیانی، نیوەڕۆ، ئێواری» قومقومەکەی پڕکاتەوە، گەورە بێ چاک دەبێتەوە.
وەختایەک گەورە بوو بە هیچ شتێک چاک نەبۆوە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی بە گوتەی خۆی «مێژوویینانە» بەوە گەیشت ئەگەر بێتە ماسیگر و ماڵێک لە پەنای چۆمێک دروست بکات چاک دەبێتەوە.
ئەو پێی وابوو ئەو نەخۆشییەی لە باپیرەکانییەوە بە میرات پێ گەیشتووە.
سێ پشتی لە سەر یەک ماسیگر بوون. تەنانەت پێی وابوو ئەوانیش زۆر لەوانەیە لە منداڵییەوە ئەو نەخۆشییەیان لە گەڵ بوو بێت و دوایی بە وئاکامە گەیشتبێتن بچن بنە ماسیگر.
بابیشی تاکوو لە دایک بوونی ئەو، ماسیگر بووە، بە هۆی نەخۆشی ڕۆماتیسم و لاق ئێشە، ماسیگری و چوونە نێو ئاوی لێ قەدەغە دەکرێ.
ئەو پێی وابوو ئەو ڕووداوە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژیانی خۆی و براکانی و خوشکەکەیەوە هەیە: ئەگەر بابی ماسیگری وەلا نەنایە ئەویش لە منداڵییەوە بە هۆی هات و چۆی سەر چۆم و گوێ ئاو ئەو نەخۆشییەی لێ پەیدا نەدەبوو.
بوو بە ماسیگر. بەرە بەرە وەک کەسێکی ئاسایی ئاوی دەخواردەوە.

جاریـّکیان بیسـتی «بیـّتو ژنـی زکـێ پـڕ ئیشـتیای هـەر شتیـّـک بکـات و نـەیخوا منداڵەکەی خێـل دەبێ».
بە بیستنی ئەو قسەیە هەناری دنیای لە بەر چاو کەوت. هەستێکی نامۆ پێی دەگوت دایکی وەختێـک زگی بەو پڕ بـووە ئیشـتیای هـەناری کـردووە و هـەنار وەدەسـت نەکەوتووە بۆیە ئەویش خێلە.
بەڵام لەوەی کە ئەو شتە هەنار بووە تەواو ئەرخەیان نەبوو. هـەر خـزم و دۆسـت و ئاشنایەکی دایکی دەدیت ئەو شتەی لێ دەپرسی.
دوای چەند ساڵ نەخواردنی هەنار بۆی روون بۆوە:
دایکی ئەو هاوینەی زگی بەو پڕ دەبێـت سەفەرێکی دووری دێتە بەر.
لە نێو ماشێنەکەدا ژنێـک فەلاکسێ ئاوی پێ دەبێ و جارناجارێـک بـە خورەیـەکی سـەیرەوە لیوانیـّکی لـێ پـڕ دەکـات و هەڵیدەقوڕێـنێ. ئـەویش لیوانیـّـک ئـاو لـە شاگردی ماشێنەکە وەردەگرێ و دەیخواتەوە بەڵام ئیشتیای ناشکێ و هەرچییـەک دەکات لە رووی هەڵنایا داوای لیوانێـک ئاو لەو ژنـە بکـات. لـە حاڵێـکدا دەزانـێ توونییەتی ناشکێ لە پەستا ئاو لە شاگردەکـە وەردەگـرێ و ئـەو ئیشـتیایەی هـەر دەمێـنێ . . .

وەک بۆی روون بۆوە تاکوو ئاخری تەمەنی خورەی ئەو ئاوە هەر لە گوێی دایکیدا مابۆوە. دوو رۆژ پێـش ئـەوەی بمـرێ تونـد هـەر دووک گوێـی گرتـووە و قسـەی هاتەران و پاتەرانی کردووە.
دوای ئەوەی بۆ هەوەڵ جار، جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لـە بـەر کـرد و ئـەو ورتەیەی دووپات کردەوە برای یەکەم ئاوی لە بەر چاو کـەوت و دوای ماوەیـەک لە بیابانێـک بە خنکاوی دیتیانەوە.

ئەوانەی لایەنگری کورتە چیرۆکن دەڵێـن:
نێوی «لێکۆڵینەوەیەکی مێـژووییانە دوای چەنـد سـاڵ نـەخواردنی هـەنار» بـۆ ئـەم بەشە، باشە!

# شینی برای دووهەم

دوای ئەوەی بۆ دووهەم جار، جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە، برای دووهەم هێشتا تەواو باوەڕی بەو قاو و دەمگۆیە نەدەکرد کە دەیانگوت براکەی دوای ئەوە مردووە بۆ هەوەڵ جار جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کردووە و ئەو ورتەیەی دووپات کردۆتەوە.

لە نیوەشەوێکدا لە پەستا کاناڵی تەلەفزیۆنەکەی دەگۆڕی و باوێشکی دەدا.

« زمان، ددانەکان، توێخی سەرەوە و ژێرەوەی زمان، پووک، مەڵاشوو، زمانە چکۆلە» ئەوانەی وەختی باوێشکێکی گەورە لە نێو ئاوێنەیەکدا دیت. هێشتا لە پێش ئاوێنەکە لانەچووبوو، باوێشکێکی هاتەوە. باوێشکی ئەم جارە وەک باوێشکەکانی پێشوو نەدەچوو.

هاو کات لە گەڵ باوێشکەکە بە جۆرێک گوتی « ئــــا ا ا ا ا ا » پشیلەیەک لە نێو سەتڵی زبڵی حەوشە دەرپەڕی.

سەرەتا لەوەی زاری وێک نەدەهاتەوە پێکەنینی هات. دوای ماوەیەک دیتی بە راستی زاری وا قفڵ بووە، وێک نایەتەوە، ترسی لێ پەیدا بوو. نەوەک لەوە بترسێ قەت زاری وێک نایەتەوە، ئەو دەیزانی دەستی دوکتوری بگاتێ چاک دەبێتەوە.

لە بەر ئەوە کەسی لە خەو هەڵنەستاند.

تا بەیانی هەر هات و چوو و قەدەمی لێدا.

« لە کۆڕێکی دۆستانەدا دەیگێڕاوە: شەوێک باوێشکێکی داوە تا بەیانی زاری وێک نــــەهاتۆتەوە . . . لە حاڵێکدا رفێقەکانی قاقایان دەکێشا هەستی کرد رۆژ بۆتەوە»

هەموو خێزانی ماڵێ لە پێشدا پێی پێدەکەنین. دوای ماوەیەک جا باوەڕیان دەکرد بە راستی زاری داپچڕاوە.

بردیان بۆ لای دوکتور. دوکتور هیچ نەخۆشییەکی تێدا نەدیت.
دوای تاقی کردنەوەی خوێن و میز لە تاقیگە، هیچ نەخۆشییەکی تێدا بەدی نەکرا.
دوکتور نەیتوانی هیچ دەوا و دەرزییەکی بۆ بنووسێ.
دوکتورێکی دیکە . . .
دوکتورێکی دیکەی دیکە . . .
دوکتورێکی دیکە لە شارێکی دیکە . . .
دوکتورێکی دیکەی دیکە لە شارێکی دیکە . . .
دوکتورێکی دیکەیدیکە لەشارێکی دیکەیدیکە. . .
هەزاران دوکتور و دوکتوری دیکە و دوکتوری دیکەی دیکەیان لە دەیان شار و شاری دیکە و شاری دیکەی دیکەیان گێڕا، هیچ دوکتورێک نەیتوانی هیچ دەوایەکی بۆ بنووسێ.
تەنیا چەند دوکتوری رەوان ناس چەند پێشنیاریان دا:
یەکیان گوتی: شتی تیژ بکەنە لوتیەوە تاکوو بپشمێ و بە حوجحەتی ئەو پشمینە بەشکوو زاری وێک بێتەوە.
ئەوی دیکە دوو رێگای پێشنیار کرد: زوو زوو بیبەنە بەر ئاوێنە تاکوو باوێشکی بێت. یان زوو زوو لە بەر چاوی ئەو باوێشک بدەن تاکوو ئەویش باوێشک بداتەوە.
هیچ کام لەو رێگایانە کارساز نەبوون.
دوای ئەوەی بۆ خۆشی باوەڕی کرد تازە زاری وێک نایەتەوە، یەکەم شتێک بە فکری گەیشت ئەوە بوو مێش و مەگەس بە ئاسانی دەتوانن خۆ بکەن بە زاریدا.
بیری دەکردەوە: مێش هەوەڵ جار لە هەر شوێنێک بنیشێ چوار پێنج جار چەرخ و خولێکی زیتانە بە سەری دەدا و زوو قنەیەک دەکات و شتێکی بۆر کە هەموو کەس نایبینێ لە پاش خۆی بە جێ دێڵێ ».
لە جیاتی بێز رقی هەستا.
تۆڕێکی ناسکی بە ئەندازەی ژێر چاوی هەتا چەنەی هێنا و بە چەسپ لە سەر دوو رەقایی سەر کوڵمەکانییەوە چەسپاندی.

هەردووکێ دەستی ئاگایان لەو تۆڕە بوو تاکوو هەڵنەدرێتەوە، پیس نەبێ، زوو زوو تەڕی کەن . . .

دواتر سمێڵیشی نەدەتاشی تاکوو مووی بەر سمێڵی هێندێک تەپ و تۆز لە خۆ بگرن.

هەر چەند هەمیشە زاری ویشک بوو، دەبوو زۆر زوو زوو ئاو لە زاری وەردات. بەڵام رۆژ لە گەڵ رۆژ خووی پێ دەگرت. دەیزانی تازە زاری وەک جارانی لێ نایەتەوە.

لە تەواوی وڵاتدا دەنگی دابۆوە و دەستە دەستە دەهاتن ببینن. هەمیشە خۆی دەشاردەوە، کەم وا بوو بتوانن چاویان پێی بکەوێ.

رۆژێک لە لایەن تەلەفزیۆنەوە چەند کەسێک چوون وەک رووداوێکی سەیر و سەمەرە فیلمی لێ هەڵگرن و دوایی لە بەرنامەیەکی پێکەنینیدا بڵاوی بکەنەوە.

هەرچەندە پێیان گوت و لە بەری پاڕانەوە و پێشنیاری پوولیان پێ دا، نەیدەهێشت. هەر دووک دەستی بە زاریەوە نابوو بە زۆریش لێی نەدەکردەوە.

بە دووکەس ویستیان یەکی دەستێکی بگرن و چەند سەحنەیەکی ـ بە زۆریش بێ ـ لێ هەڵگرن، لە پڕ وەها خۆی راپسکاند هەر دوو کەسەکەی فڕێ دا.

دوای ماوەیەک لە بەر هەڵخوێندن و قسە بۆ کردن دیسان لە کۆڵی نەبوونەوە.

ئەو جار دوو کەس لاقیان گرت و دوو کەسیش شانیان گرت و دوو کەسی دیکەش یەکی دەستێکیان دەکێشا. یەک بە خۆیان دەستیان دەکێشا بۆ یان لانەدەچوو.

کارگێڕی بەرنامەکە فکرێکی کردەوە، ئەو جار فیلمیان لەو سەحنەیە هەڵگرتەوە کە بە سێ چوار کەس دەستیان بۆ لانەدەچوو.

دوو رۆژ دوای ئەو فیلم هەڵگرتنەوەیە لەو پەڕی سەر سووڕماندا دیتیان هەر بەو جۆرەی دەستی بە زاریەوە ناوە، مردووە. . .

دوایی دە دوازدە جار لە ژێر نێوی «پیاوێک کە هەر دوو دەستی بە زاریەوە نووساوە» لە تەلەفزیۆندا بڵاو بۆوە.

ئێستاش داواکاری ئەو سەحنەیە زۆرە.

من ئەو فیلمەم لە ئارشیڤی تایبەتدا هەیە، هەر کەس دەیهەوێ ببینێ بەو ئادرەسەی ژێرەوە پێوەندی بگرێ:
مەیدانی زیرەکێ ـ کووچەی هەشت میتری ـ پەلاکی چوار.
ئەوانەی ئەو فیلمەیان نەدیتووە دەڵێن:
ئەو ئادرەسە درۆ نەبێ باشە!

# شینی برای سێهەم

دوای ئەوەی بۆ سێهەم جار، جان کۆت و شاڵوارەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە برای سێهەم لەوە دڵنیا بوو ئەو دوو برایەی پێشووی دوای ئەوە مردوون جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کردووە و ئەو ورتەیەی دووپات کردۆتەوە.

بڕیاری دا هەر وا بە ئاسانی نەمرێ و بچێتە شوێنێک کەس نەزانێ تاکوو بتوانێ لە گەڵ جان، بەربەرەکانێ بکات و تەنانەت بکەوێتە حەولی تۆڵە ئەستاندن بەو جۆرە خۆی لە دەست مەرگێکی دیاری کراو رزگار بکات.

بێ ئەوەی لە لای کەسێک دەنگێ بکات دەستی دۆستەکەی گرت و ویستی بە تیرێک دوو نیشانە بپێکێ.

بلیتی قەتاری بۆ دوورترین شارێکی پێی شک دەهات، گرت.

. . . بە ئەندازەی تەواوی گەڵای ئەو دارانەی لێکدا لێکدا بە پەنایاندا تێدەپەڕین، یەکتریان خۆشدەویست: هەموو گەڵا دارەکانیان دادەوەراند و جار لە گەڵ جار کۆگاکەیان گەورەتر دەبوو.

وەختێک تێپەڕ بوونی لێکدا لێکدای دارەکان سەری هەر دووکیانی لە گێژەوە هێنا و خەویان لێ کەوت، قەتار زۆری نەمابوو بگاتە جێ، سیگناڵێکی دوور و درێـــــــــــــــــــــژی لێ دا.

هەموو وەخەبەر هاتن دیتیان دارەکان هێواش بوونەتەوە و ئەو، نا.

هەموو هەستان چەمەدانەکانیان دەست دایە و ئەو، نا.

لە نێو قەتارەکەدا کچێک ماوە و کۆگایەک گەڵای داوەریو.

کۆگا گەڵاکەیان بۆ خستە دەرێ و پیاوی جەنگەڵبانی بە سەر راوەشاندنەوە گەیشتنە سەری.

دەبوو « چۆنی داوەراندووە ئاواش بە دارەکانییەوە بنێتەوە». وەختێک نیگای کچەکە حاڵی کردن بە تەنیا داینەوەراندووە سەرێکیان لەقاند، یانی « ئێمە لەوە حاڵی نابین و کارمان بەوە نییە».

گێڕابوویانەوە: « کوڕێک و کچێک زۆریان دڵ پێکەوە دەبێ. بڕیار دەدەن لە گەڵ یەک بڕۆن و لە ماڵێ هەڵێن. هەر واش دەکەن. سواری ماشێنێک دەبن و دەڕۆن. لە نێو رێ، ماشێنەکەیان خۆ بە ماشێنێکی دیکەدا دەدا و کوڕەکە دەمرێ

و کچەکە دەمێنێتەوە. ئەوانەی ماشێنەکانیان ڕاگرتبوو بزانن چی بووە هەموو بە چاوی خۆیان دیتبوویان کچەکە چۆکێ دادەدا و وەها دەپاڕێتەوە خودا بیمرێنێ، خودا دەست بەجێ دەیمرێنێ.»
ئەویش لە پەنای کۆگا گەڵاکە چۆکێ دادەدا و دەپاڕێتەوە. . .

دەگێڕنەوە: بەو چاوانەی خۆیان دیتوویانە کچەکە دوای ماوەیەکێ لەوپەڕی سەرسووڕماندا بۆتە گەڵ دار و لە نێو کۆگا گەڵاکەدا ون بووە.

هێندێکیش پێیان خۆشە بگێڕنەوە:
وەختێکێ چۆکی داداوە و پاڕاوەتەوە دوای ماوەیەکێ لە پشتوێنە بەرەو ژووری لە گەڵ کوڕەکە تێکەڵ بووە. دوایی بە جووت قەبریان بۆ هەڵکەندوون.

بەڵام من دەگێڕمەوە: پیاوەکانی جەنگەڵبانی و چەند کەسی دیکەش شاهیدی ئەو ڕووداوە بوون: کزە بایەکێ هەموو گەڵا دارەکانی وەحەوا خست و گەڵا، پۆل پۆل لە سەر دارەکان نیشتنەوە.
ئەوانەی وەکێ پیاوەکانی جەنگەڵبانی چاویان بە مۆلەق نەوێستاوە دەڵێن: ئەفسانە نەبێ باشە!

# شینی برای چوارەم

ئەو بابەتەی خوارەوە بە تەلەیفون گوتراوە و دوای چەند رۆژ دەستی کردن وە چنگم کەوتووە.
حازر نەبوو بە دەردی خۆی دەیگوت: «هەروا بە مفت و خۆڕایی» پێم بڵێ.
بەو جۆرەی باسی دەکرد، ئەو لەو رێگایەوە دەژیا و کارەکەی ئەوە بوو. ژمارە حیسابی بانکی پێدام، هەتا ئەرخەیان نەبوو پووڵەکەم خستۆتە حیسابەکەیەوە پێی نەگوتم.
دوایی زەنگی لێ داو گوتی.
هەر لە هەوەڵەوە بڕیار بوو بەرپرسایەتی هەموو قسەکانی لە ئەستۆ بگرێ.
لێرەدا بیستۆکی تەلەیفون دەدەمە دەست ئەو:

ای چوارەم بە شێوەیەکی زۆر نهێنی پێنج شەش رۆژ

پێش ئەوەی جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر بکات و ئەو ورتەیە بڵێتەوە، ئاگادار کرابوو. هەر بۆیە ئەو لە براکانی پێشووی زۆر زووتر بە فکری خۆی گەیشت.
ئەو دەمەی جان بۆ جاری چوارەم کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە ئەو لە سەر سەندەڵییەکی دار لە دیوێکی گەورەی ئیدارەی پۆلیس لە یەکێک لە خیابانەکانی رۆژهەڵاتی شاری واشینگتۆن، دانیشتبوو.
پۆلیس هەموو بە دەورییەوە بوون و کەوتبوونە پەلەپەل، ماشێنیان ئامادە کردبوو بیگەیەننە نەخۆشخانە.
وەختێک گەیشتبووە واشینگتۆن، پۆلیس لێی دووشک دەبن کە ئەندامی ئەلقاعیدەیە. داوای لێ دەکەن لە گەڵیان بچێتە ئیدارە و چەند پرسیاریان وڵام بداتەوە.
لەوێ لە گەڵ پۆلیس بەشەڕ دێ و لووتی پۆلیسێک دەشکێنێ. ئەوەندەی دیکەش شکەکەیان قایمتر دەبێ، پەلکێشی دەکەن بۆ ئیدارە.

لە پێشدا شەل و کوتی دەکەن، گۆیا بە هیچ باریێک حازر نەبووە پرسیارەکانیان جواب بداتەوە، هەر ئەوەش ئەوانی دوو دڵ کردووە.
لە سەر سەندەڵی لە کاتی پرس و جۆدا لە پڕ بە لادا دێ و بێهۆش دەکەوێ. لە نەخۆشخانە هەر چییەک دەکەن وەهۆش نایەتەوە و نایاتەوە.
ئەلعان ئەو پۆلیسانە بە تاوانی ئەوەی ئاوا بێ مەبالاتانە یەکێک لە

گەورەکانی ئەلقاعیدەیان کوشتووە، لە کار دەرکراون.

حەوتوویە ک دوای دانانی بیستۆ کی نەو تەلەیفوونە، خەریکی ڕێکخوپێک کردنی نووسراوەکانی ئەو بەسەرهاتە بووم، گوتیان لە فڵان گەڕەک کەسێکیان بە مردوویی لە ماڵە چۆڵێکدا دیتۆتەوە.
دوایی روون بۆوە: دوای ئەوەی بۆ چوارەمین جار، جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کات و ئەو ورتەیە دووپات کاتەوە، بەرای چوارەم لەو ماڵە چۆڵەدا خۆی دەشارێتەوە و وەک بە تەلەیفوون بە ئێمە راگەیاندرا هەڵنایا بۆ واشینگتۆن.
لە نووسراوەیەکدا ـ لە دوای بە جێ ماوە و من خۆێندوومەتەوە ـ ویستوویەتی بە ئاماژە بۆ سەر قورئان و قسەکانی پێغەمبەر، ئەوە بسەلمێنێ مەزهەب و خودا و پێغەمبەر رێی خۆشەویستی ناگرن.
« ئەمن و ئەتۆ دەتوانین باوەڕمان بە خودا هەبێ و یەکتریشمان خۆش بوێ. دەتوانین سی رۆژەی مانگی رەمەزان بەرۆژوو بین و بەیانییان هەستینەوە دۆعا بکەین بە یەک بگەین. . . »

ئەو زۆر زیاتر لەوە عاشق بووە بتوانێ دۆستەکەی کـــە بـــــە دیتنی سی دییەکی (CD) مەزهەبی رووی لەو وەرگێڕابوو، بەجێ بێڵێ.
ئەوانەی پێنج فەرزە نوێژیان ناچێ دەڵێن:
ئیمانی دەربردبێ باشە!

# شینی برای پێنجەم

وەختێک بۆ پێنجەمین جار، جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە برای پێنجەم سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت . . .

لە بەر بێ سەروشوێنی و نامەعلووم بوونی بەسەرهاتی ئەو، حەق وابوو پێنج لاپەڕە سپی بێڵینەوە. بەڵام لە بەر هێندێک شت لاپەڕەیەک سپی دێڵینەوە ئێوە چوار لاپەڕەکەی دیکە لە زەینی خۆتاندا هەڵدەنەوە:

**ئەوانەی بەفریان خواردووە دەڵێن:**
**عەرز هەڵی نەلووشی بێ باشە!**

# جێ پێی نوختە:

**ئەم بەشە دەیتوانی**

**شینی برای پێنجەم بێت**

بەسەرهاتێـک لێـرەدا دێـت، دەکـرا بەسـەرهاتی بـرای پێـنجەم بێـت و نـەکرا. ئەوانـەی بـاری مێـژوویی رووداوەکـەیان زۆر پـێ گرینگـە دەتـوانن هـەر بـە بـێ سەروشوێـنی بـرای پێـنجەم و ئـەو لاپـەڕە سپییە و چـوار لاپـەڕەکەی لـە زەینیانـدا هەڵیانداوە واز بێـنن.

چونکە ئەم بەشە دەیتوانی بەسەرهاتی برای پێنجەم بێت و نەبوو. کـەوا بـوو دەبـێ ئەو دەرەتانەش بهێـنێ بە بازدان بخوێـندرێـتەوە لە بەر ئەوە، بـە نێـوان چەنـد وشـە تەقەڵێـک ( ـ ) داندراوە.

لە وەتاغێـکی ـ نهۆمی پێـنجی ـ خانووبەرەیەکی ـ حەوت نهۆمیدا ـ کەسێـک ـ ناچار کراوە ـ بهێـنێـتەوە ـ کوڕێـکی ئاشقە ـ دڵبەرەکەیان ـ گرتووە و ـ دەیبەن تاکوو ـ لە بـەرچاوی ئـەوی ـ ون کـەن ـ پـەردەکەی لاداوە ـ بـە حەسـرەتەوە ـ تماشـای سـەر شەقامەکە ـ دەکـات ـ ماشێـنێـک ڕاگـیراوە ـ خـەریکن درگاکـەی بکەنـەوە ـ لـەو

وەختەدا ـ مێشێک دێت ـ راست لە سەر ـ ئەو لاپەڕەیەی ـ نووسەر خەریک بوو ـ دەینوسی ـ دەنیشێ ـ نووسەر مێشەکە ـ دەگرێ و دەیخاتە ـ نێو ئەو لاپەڕەیە ـ تاکوو جیق و فیقی دەربێنێ ـ مێش دەست دەکات بە ـ وزە وز و هەڵبەز و دابەز ـ راست لەو رستەدا ـ کوڕەکە هەناسە هەڵدەکێشێ ـ خۆ دەکات ـ بە زاریدا ـ کوڕەکە وردە وردە ـ دەگۆڕێ و ـ دەبێتە مێش ـ لە کونی ـ پەنجێرەوە ـ دەرباز دەبێ ـ پێش ئەوەی ـ درگا بکەنەوە و ـ سواری کەن ـ لەو کاتەدا ـ کچەکە ـ ئاوڕێک ـ بەرەو ـ نهۆمی ـ پێنجی ـ خانووبەرەکە ـ دەداتـــــەوە ـ خۆ دەکات ـ بە زاری ـ کچەکەدا ـ ئەویش ـ وردە وردە ـ دەبێتە مێش ـ و هەر دووک ـ هەڵدەفڕن ـ نووسەر ـ لەوەی ـ لە دەست ـ وزەوز و ـ هات و چۆی ـ ئەو مێشە ـ رزگار بووە ـ هەناسەیەکی ـ ئاسوودەیی ـ هەڵکێشا ـ

ئەوانەی ـ لەو ـ بازبازێنە ـ ماندوو بوون ـ دەڵێن ـ

نووسەر ـ نەجاتی ـ بووبێ ـ باشە ـ

# شینی برای شەشەم

دوای ئەوەی بۆ شەشەمین جار، جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە برای شەشەم وەها لە شەڕەوە پێچرابوو وەختێك نزیکی دە جار ئەو هەواڵەیان پێ گەیاند، هەر نەیبیست و نەیبیست.
دۆستەکەی لە زیندانێکی ئاگریندا حەپس کرابوو. ئەو ئەلعان زۆری لێ نزیك ببۆوە و بە تەما بوو ئازادی بکات.

تەواوی هەستی لە سەر ئەوە بوو نەکوژرێ. بە چوار لادا گوللەی دەتەقاند و قەتارەی دوژمنەکانی تێکدەشکاند و بەردەوام دەڕۆیشتە پێشێ • • •

برای شەشەم وەختێک چاوی بەو سێ نوختەیە کەوت، بە زەینیدا هات دەبێ بە هەر جۆرێک بێت ئەو نوختانە لە پێش دەمی خۆی لابا، تاکوو بزانێ لە پشت ئەو نوختانەوە چی لێیە؟ بە کوێ دەگات؟ چارەنووسی پاشماوەی ژیانی چییە؟

مل دەنێتە بەر ملی نوختەکەی هەوەڵ. بۆی هەڵناگیرێ و تەنانەت ناتوانێ تلی پێ بدات. ئەو جار هەتا هێزی دەبێت، قەوەتی لێ دەدا. جار جارەیەک، بە حاڵ دەیبزوێنێ. دیسان ئەوەندەی دەتوانێ دوو ئەوەندەی دیکەش قەرز دەکات و بە هەر جۆرێک بێت نوختەکەی هەوەڵ لە سەر ڕێگاکەی لادەبات. دەمێنێتەوە دوو نوختە • •

دوای کەمێک حەسانەوە، سەر لە نوێ دەست دەداتە نوختەی دووهەم. بە هەر چەرمەسەری و پاڵ پێوەنانێک بێت، ئەویش لادەبا لە ترسی ئەوەی من زوو نەیگەمێ، دیسان مل دەنێتە بەر نوختەکەی سێهەم و ئەویش لادەبا.

چاوی بە خەتێکی شینی دوور و درێ——————————ژ دەکەوێ. تا چاوی هەتەر دەکا هەر ئەو خەتەیە و بەس. باش دەزانێ تازە بە کۆتایی گەیشتووە و هیچی پێ ناکرێ. ناچار یەکێک لە نوختەکان دەکاتە سەرینی ئەرخەیانی• کاتێک دەگەمێ، نوختەی ئاخر داندراوە و گەیشتۆتە کۆتایی و دەرەتان نەماوە بۆ چوونەوە سەر خەت.

ئەوانەی کایەی کامپیۆتێرییان کردبێ دەڵێن:

نەسووتابێ باشە!

# شێنی خوشکێکی تاقانە

دوای ئەوەی بۆ حەوتەمین جار، جان کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد و ئەو ورتەیەی دووپات کردەوە، تاقانە خوشکەکەیان، لە ترسان نەیدەزانی روو بکاتە کوێ.

روو لە بەندەن و کێوان رێگایەکی گرت و رۆیشت. نەگەیشتوو بە دارستانێک، فکری دەکردەوە: شایەد کچی نێو ئەفسانەیەک بووبێت ئەلعان بچێتە ئەو دارستانەوە و لە نێو کۆلکە دارێک خۆی حەشار بدات، دوایی کوڕە پادشا بە خۆی و تاجی و تولانیەوە بێن بۆ راو و راوچی داوێنی کراسەکەی ببینن، مزگێنی بەن بۆ کوڕە پادشا و بەو جۆرە بگەڕێتەوە نێو چیرۆکێکی کۆن کوڕە پادشا لە گەڵ خۆی بیباتەوە، دوای عەیامێکی زۆر وەختایەک منداڵان لە کووچە و کۆڵان شۆخی بە منداڵەکەی بکەن، ئەویش بێتەوە ماڵێ و لە لای دایکی دەست بکاتە گریان: «منداڵان پێم دەڵێن تۆ خاڵت نییە»

دایکی بلێ رۆڵە گیان هەر تۆ خاڵت هەیە، هەشت خاڵی شۆخ و شەنگ پادشا لەشکر دەنگدا برۆن براکانی ببیننەوە.

دەڕوا لە نێو کۆلکە دارەکەدا خۆی دەشارێتەوە و خەوی لێدەکەوێ . . .

شوانێک بە دارستانەکەدا دەڕوا و داوێنی کراسەکەی دەبینێ، لە خۆشییان مەڕی لە بیر دەچێتەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: « حەکت خودایە لە بەرت مرم ئەوە پەری ئاسمانە و بۆ منی هەژاری رەبەنە ماڵی ناردۆتە خوارێ لە گەڵ خۆم دەیبەمەوە ماڵێ، تەرکی شوانیەتی دەکەم . . . »

شوان تێر تماشای کچە نابێ و دڵیشی نایا هەڵیستێنێ. خەریکی سازکردنی نان و چا دەبێ. تا شوان نان و چا ساز دەکا و گورگێ لە مەڕەکەی دەدا و خەڵک دەزانن، ئێمە خۆ دەکەین بە خەونەکانی کچەدا. هەڵبەت لێرەوە دوو کەوانەی چکۆلە دادەنێم تاکوو بزانن ئەوە بەشێک لە چیرۆکێکی کۆنە لە بەیت بێژێکم بیستووە وشە بە وشەی لە رووی نەوارەوە نووسراوە:

« بە سواری ئەسپێکی باڵدارەوە دەڕۆیشت، چاوی بە شوانێک کەوت خەریکی چا ساز کردن بوو، لای شوان لای دا و نان و چایەکی باشیان خوارد و دوایە هەستا بڕوا.

شوان گوتی: بۆ کوێ؟
کچ گوتی: دەبێ بڕۆم. ڕێم دوور و ڕۆژگار کورت. دەنا ناگەمە قەڵای جانی بنی جان.
شوان بەو قسەیە هەڵبەزییەوە و گوتی: ئەتۆ یان نابێ بە تەنیا بڕۆی یان ئەگەر هەر دەشڕۆی ها بڕێک لەو شتەت بدەمێ. [ شوان نیوی شتەکەی لە بیر چۆوە ]
« لە ڕێگا کارت پێی دەبێ ». لە ڕێگا کاریشی پێی بوو.
بڕێکیشی هێشتەوە بۆ ڕۆژی مەبادا.
ئەوەندە ڕۆیشتبوو بگاتە قەڵای جانی بنی جان، لەوێ ڕایانگرت. سەروچاو داپۆشراوێک هات نێو و شۆڕەتی کچەکەی پرسی و ڕۆیشتەوە.
دوای ماوەیەک هاتەوە و لە گەڵ خۆی بردیە ژوورێ.
لەوێوە ئیدی لاقی هیچ کەسێک، بێ ئیزنی پادشای ئەو قەڵایە نەدەبوو بچێتە ژوورێ. دەبوو منی چیرۆکبێژ ڕاوەستم، هەتا بۆ خۆی دێتە دەرێ و دوایی بزانم بەسەرهاتەکەی بە کوێ گەیشتووە.
منێک کە بەڵێنم دابوو نەهێڵم وەک چیرۆکبێژەکانی دیکە دوای تەواو بوونی بەسەرهات **کاڵەم بدڕێ و هیچیشم پێ نەبڕێ**. وەختایەک سەعاتێک، دوو سەعات، سێ سەعات ڕاوەستام هەر نەهاتەوە، سەروچاو داپۆشراو دەستی ڕاداشت بە کوێدا هاتووم بگەڕێمەوە بە کوێدا هاتبووم گەڕامەوە»
شوان نان و چای ساز کردبوو بە تەمای ئەوەی «پەری ئاسمان» لە خەو هەستێ، شایی لە دڵ دەگەڕا.
سەعاتێک، دوو سەعات، سێ سەعات مەحتەل بوو لەو خەوەی هەر نەگەڕاوە و نەگەڕاوە.
ئەوانەی شەرعیان باش خوێندووە دەڵێن:
شوان ئاگای لە مەڕەکانی بێ باشە!

# شینی برای حەوتەم

دوای ئەوەی بۆ هەشتەمین جار، جان، کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کرد وئەو ورتەیەی دووپات کردەوە، برای حەوتەم گوتی وەختایەکێ هەر دەبێ بمرێ با بمرێ.

«س» بەڵێنی دا هەر چۆنێک بێت، دەبێ خۆ بە جان ـ کە ئەو پێی وابوو جانی بنی جانە ـ بگەیەنێ و دوگمەکەی هەڵکەنێ. تاکوو ئاخری بتوانێ بە چاوی خۆی ئەوە ببینێ «لیچی لە چڵمەکەی زیاتر شۆڕ بۆتەوە و هەموو دوگمەکانی ترازاون و گەدوگیپاڵی هەموو بە دەرەوەن ».

ئەوە ئەو وێنەیە بوو بەرەبەرە لە زەینی «س» دا شەقڵی بەستبوو.

ئەو دەیزانی کاتێک دەتوانێ ئەو وێنەیە ـ کە ساڵهایە رایگرتووە ـ لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە کە بتوانێ ئەو دوگمەیە هەڵکەنێ. دەنا کەس باوەڕ بەو شتە ناکات و هەر ئەوەندەیە یەکەم کەس باوەڕ نەکات.

بەرەو جان وەڕێ کەوت. . .

برای حەوتەم پەتێکی ئەستووری هێنا، لە بن میچ تونەدی کرد و هەڵیواسی و تونەد دایگرت.

پێش ئەوەی ئەو کارە بکات لە سەر شووشەی پەنجێرەکەی بەرەو رووی دەرێ ئیمزاکەی خۆی کێشاوە.

بزەیەکی بە هەمووی ئەو تەفسیرانە هات، تا ئەورۆ لە بارەی ئیمزاکەیەوە کردبوویان ئەو هەموو تەفسیرە!

تماشایەکی ئاڵقەی ئاسنی بن میچەکەی کرد.

« قەت قەت ناپسێ».

دوایی بە دەست دوو لۆی پەتەکەی لێک کردەوە، لە سەری دانیشت و دەستی کرد بە جۆلانێ.

ئارام ئارام دەهات و دەچوو لە حاڵێکدا کتێبێکی لە بەرکێ گیراوی دەخوێندەوە، فیتووی لێدەدا.
دوای ماوەیەک هەوەڵ کەس درگای بۆ هەوەڵ جار کردەوە و دیتی، وەها پەشۆکابوو باوەڕی نەدەکرد.
هەر ئەوەندەی کەسێک باوەڕ بە ڕووداوێک نەکات. هەموو ئەوانەی درگاکەیان کردەوە و دیتیان، باوەڕیان نەکرد.
هەوەڵ کەس کە بیستی باوەڕی نەکرد. بە دوای ئەودا هەموو ئەوانەی بیستیان، باوەڕیان نەکرد.
ئەوانە، هەموو پێش ئەوە ڕوویان دا کە «س» بتوانێ دوگمەکەی جان بە هەر جۆرێک بێت هەڵکەنێ. چونکە پێش ئەوەی «س» بتوانێ دوگمەکەی جان هەڵکەنێ، جان ڕۆیشتەوە بەر ئاوێنە، دەستێکی بە سمێڵیدا هێنا، کۆت و شاڵوارە سپییەکەی لە بەر کردەوە و دوگمەکەی داخست و بە دەنگێکی بەرز گوتی: «... *هەر کەس دەستی لێداوە، حەوت برا و خوشکی نەماوە*».
ئەوانەی چاوەڕوانی کۆتایی چیرۆکەکەن دەڵێن:
ئەو ورتەیەی گوتبێ باشە!

دوای ئەوەی ئاخرین برای مرد. «س» نەیدەزانی چ بکات. هێزی ئەژنۆی نەبوو. پشتی وەها چەمابۆوە نەیدەتوانی هەستێتە پێ.
هەستە بڕۆ.
- چ دەکەی «س» ؟

**ئـەو نیشـانەی پرسـیارە، گۆچانەکـەی باپـیرە گەورەیـەتی، لـەو کاتـەوە لـە جێـگا بەستەڵەکێ و ئەستەمەکە حەوای داوە، تاکوو ئێـستا هەر بە حەواوە بـووە، ئـەلعان ڕاست لە پێـش دەمی لە عەرزەکە هەڵچەقیوە.**

«س» **دەستی دەداتێ و پێی هەڵدەستێتە پـــێ و بە کۆمـــــەکۆم دەڕوا. . .**